# ڕێگای کار

گوڵانی
1389
ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

کرێکارانی جیهان یەکگرن !



بژی 11ی گوڵان( 1ی مەی ) ڕۆژی جیهانی کرێکار !

لەم ژمارەیەدا ...

پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی خەڵك دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی
ل 2

، بە هێزی خەباتی سیاسی و بە کار هێنانی ئیرادەی قەهری ڕێز لە یەکەمی مانگی مەی ، ڕۆژی جیهانی کرێکار بگرین !
ل 3

بزووتنەوەی خەڵکی و ڕەوتی بەرەوپێشی تاکو ڕووخانی حاکمیەت !
ل 7

سەد ساڵ تەنیایی
ل 9

بەسەرهاتی مردنێکی مێژوویی
ل 10

**کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !**



# پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی خەڵك دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئـەمـرۆکـە

وەک شوێنەکانی‌تری ئێراندا لە کوردستانیش خەباتی نارمزایی کۆمەڵانی خەڵك دژی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانەی رێژیم پەرەدەستێنێ . هەژاری و بێکاری و زیاتر بوونی رادەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە حەشیمەتی بێکار ,سەرکوت و میلیتاریزەکردنی ناوچەکانی کوردستان , کەش و هەوای ترس و تۆقاندن , گرتن و ئەشکنجە و کوشتار , هەموو و هەموو دیاریەکانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان . بەلأم وەلأمی کۆمەلأنی خەڵکی کورد بەم هەموو مەینەتە , خۆراگری و خەباتە کە تاکو ئێستا شکستی سیاسەتەکانی رێژیمی نیشان داوە . راستی ئەمەیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەرای هەموو هەوڵ و تەقەلأی بێ ئاکام و زەبونانەی خۆی نەیتوانیوە ئێرادە و ویستی شۆرشگێرانەی گەلی کورد تێک بشکێنێ . شار و گوند و دوڵ بە دوڵ و چیا بە چیای ئەم ناوچەیە شاهیدی خۆراگری و شەهامەتی گەلێک بووە کە ئیرادەی خۆی لە سەر ئاڵ و گۆری ئەساسی ئەم رێژیمە داناوە . هەر چەند مێژووی ئەم خەباتە پڕ لە شانازیە زۆر هەوراز و نشێوی بە خۆوە بینیوە , بەلأم لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خۆی بەردەوام نموونەی بەرزترین شێوازی خەباتی خەڵکی بووە وەك سەنگەری سووری ئازادی و خۆراگری ماوتەوە . گرێنگترین هۆکارێک کە دەتوانێ ئەمرۆکە هەوڵەکانی رێژیم لە هەموو بوارەکاندا لە گەڵ شکست رووبەروو بکات , سەرەرای خەباتی چەکدارانە وەك نەریتێکی شورشگێرانەی خەڵکی کوردستان , پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بە سەر ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . بزووتنەوەی پەرەئەستێنەری ئێستای کوردستان تاکو ئێستا توانایی و زەرفیەتی زۆری لە بواری ڕێکخستن لە خۆیەوە نیشان داوە . ئەگەر چی ئەم جم و جوولأنە بە شێوەیکی گشتی‌دا خۆ بە خۆیی و بەربلأون , بەلأم بەربلأوی ئەوان خۆی نیشاندەری ریشە داربوونی ئەم جم و جوولأنە و هێزی کردەوەی گشتی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی ئەم خاڵە بە هێزەی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان بۆ بەرزکردنەوە و پەرەگرتنی ئەوە هەنگاو هەڵگرین . ئەمرۆکە لە کوردستان هەر کردەوەی دواکەوتووانەی بەکرێگیراوانی رێژیم چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان , سەرەرای کەش و هەوای سەرکوت و خەفەخان لە گەڵ دژایەتی خەڵك رووبەروو دەبێ و تەنانەت لە بەر کوژرانی کوڵ کێشێکی زەحمەتکێشی ناوچە سنووریەکان خەڵك خۆپیشاندانی نارمزایی دژی رێژیم ساز دەکەن . ئەم جم و جووڵە نارمزائیەی کە ئەمرۆکە بە شێوەیکی بەرچاو پەرەی گرتووە و زۆر جار لایەنی هێرشی بە خۆیەوە دەگرێ , تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێ گەلی کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگەیەنێ کە لایەن یان هێلێکی دیاریکراو بۆ خۆی دیاری بکات و بۆ ئەم کارە ڕێکخستنی تایبەتی خۆی داوا دەکات رێبەری ئەم خەباتە دەبێ بە کردەوە بکرێت و هەر هێزێك ئیدیعای رێبەری ئەم بزووتنەوەی هەیە , تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی و دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە شارەکان و لادێکان دەتوانێ راستی و دروستی ئەم ئیدیعایە بسەلمێنێ . تەنیا لە رێگای دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان ئەم خەباتە بەربلأوانە و راهێنانی ئەوان بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی خەڵکی کورد , خەباتەکانی نارمزایی کۆمەلأنی خەڵك دەتوانێ ببێتە هێزێکی بەرچاو لە بەرامبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی . پێویستی ئەم کارە لە یەکەم قۆناخدا تێ‌گەیشتنی گرێنگی ئاوا ڕێکخستنێکە . چۆنکە هەل و مەرجی عەینی و بەرچاو بۆ ئاوا جم و جوولێك وجودی هەیە . بەلأم تاکو ئێستا ئاوا کە دەبوایە گرێنگی نەدراوەتە ڕێکخستنی روون و دیاریکراوی ئاوا جوولأنەوەیێک . شاهیدی ئەم ئیدیعایە ئەوەیە کە ئێمە ئەمرۆکە لە کوردستانی شۆرشگێر هیچ جۆرە پێکهاتی سەربەخۆی خەڵکی نابینین کە لە سەرانسەری کوردستان بە شێوەیکی یەك پارچە و یەك دەست کار و چالأکی بکات . زۆربەی جوولأنەوەکانی خەڵکی لە شارکانیش بە بێ هیچ چەشنە پێکهاتێکی دیموکراتیك و تەنیا بە شێوەیکی خۆبەخۆیی روو دەدات . ئەم شتە نەك تەنیا هێز و توانای گەلی کورد بە فێرو دەبات , بەڵکو دەرفەتێکی باش بۆ رێژیم پێك دێنێ تاکو پاش هەر زەبرێك کە لێ دەکەوێ بە ڕێکخستنی سەر لە نوێ هێزی خۆی و توانای زۆرتر و رێکتر لە پێش دا هێرشی خۆی بۆ سەر خەڵك دەس پێ بکات و بزووتنەوەی خەڵکی سەرکوت بکات . ئەمرۆکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی دژی شۆرشگێرانەی خۆی هەموو کارێك دەکات , ئەمرۆکە کۆمەلأنی گەلی کورد بە شێوەیکی بەربلأوتر هێرش دەبەنە سەر رێژیم و پەرە دەدەنە خەباتی نارمزایی خۆیان دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی . ڕێکخستنی جوولأنەوەی خەڵکی زۆرتر لە هەر کاتێکی‌تر پیویستە . دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە کوردستان , چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە لادێکان ئەرکی بێ درەنگ و ئێستای هێزەکانی شۆرشگێرە . ڕێکخستنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار , ژنان و زەحمەتکێشانی لادێکان لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی رێژیم , لە ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان , بە لە بە چاوگرتنی هەل و مەرجەکانی تایبەتی بزووتنەوەی کوردستان و تێکەڵ کردنی ئەم خەباتانە لە گەڵ شێوازەکانی بەرزتری خەبات لە کوردستاندا , تەنیا زامنی گۆرینی ئەم خەباتە بە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو و پیرۆزی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد .

# به تێگەیشتنی چینایەتی ، بە هێزی خەباتی سیاسی و
# بە کار هێنانی ئیرادەی قەهری ڕێز لە یەکەمی مانگی مەی ،
# ڕۆژی جیهانی کرێکاران بگرین !

یەکەمی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار , ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی ئوردوی کار بەرێوەیە . ئەمسالیش کرێکارانی جیهان سەد و بیست و چوارەمین سالڕۆژی یەکەمی مانگی مەی جەژن دەگرن و دەچنە پێشوازی زۆرتر لە یەک سەدە یەکگرتنی چینایەتی خۆیان لە سەرانسەری جیهان و لە خەبات دژی بۆرژوازی . یەکەمی مانگی مەی بۆ کرێکارانی جیهان تەنیا وەک جەژنێکی مەزنی هاوپشتی نیە . ئەم ڕۆژە پێش لە هەموو شتێک ڕێزدانان لە نەریتەکانی خەباتگێرانەی کرێکاران , ڕۆژی توووند کردنی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکان و ئارەزووەکانی کرێکاران و ڕزگار بوون لە هەزاران دەرد و مەینەتی سیستەمی سەرمایەداریە . ڕۆژی نیشاندانی ئیرادەی پۆلائینی بەرهەم هێنەرانی نەعمەتەکانی مادی و خوڵقێنەرانی پێداویستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەلگای مرۆڤایەتیە . ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی , نیشاندەری هێز و توانای هێزێکی کۆمەلایەتی چینێکی جیهانیە . هەر بۆیە ڕۆژێکی نێونەتەوەئیە . بەلام چینی کرێکاری هەر ولاتێک تەنیا بە گرێدانی ڕێزدانان لەم ڕۆژە واتە بەرێوەبردنی جەژنی یەکەمی مانگی مەی لە گەڵ خەباتی جەماوەری لە ئاستی میللیدا دەتوانێ ڕۆلی خۆی لەم جەژنەدا بگیرێ .سەد و بیست و چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێک کرێکارانی ئەمریکا بە دانی دروشمی کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کار کردن هاتنە سەر شەقامەکان , لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەێک ڕاوەستابوون کە داخوازی کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کار کردنی لە هەموو ولاتەکانی سەرمایەداری وەک ئەسڵیترین داخوازی خۆی ڕاگەیاندە بوو . بەم هۆیەش خەباتی یەکەمی مانگی مەی □□□□ی کرێکارانی شیکاگۆ لە هەموو دونیادا دەنگی داوە و پاشانیش هەموو ساڵێک یادی خەباتی قارەمانانەی ئەوان بە توووند کردنی خەبات بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانی کرێکاران ڕێزی لێ دەگیردرێ . ڕاگەیاندنی ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی وەک ڕۆژی جیهانی کرێکاران

لە لایەن ئەنترناسیۆنالی دووهەمیش , بە تەعکید لە سەر گرێنگی جیهانی بوونی داخوازیەکانی کرێکاران و کاریگەریەکانی دوو لایەنەی خەباتەکانی ئەوان لە هەر چوار گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا ئەنجام درا و بووە نەریتێکی هەمیشەیی .لە مەودای زۆرتر لە یەک سەدەی ڕابردوودا چینی کرێکار لە ئاستی جیهانیدا , سەرکەوتنەکانی مەزنی بە دەس هێناوە . نەریتەکانی سۆسیالیستی و دەسکەوتەکانی چینی کرێکاریش , سەرەرای شکستی کاتی چینی کرێکار لە ولاتانی سۆسیالیستی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و ئۆروپای ڕۆژهەلات , لە جێگا و شوێنی مێژوویی خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەروەها بەهرمەندە . شکستی تێگەیشتنی



بۆروکراتیک لە سۆسیالیزم بە هەموو ئاکامەکانی تاڵی ئەودا , بە ئەزموونەکانی خۆی تەجرووبەی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاری جیهانیی دەوڵەمەندتر کرد و چینی کرێکاری لە نوژەنکردن , پەرەپێدان و جێگیر کردنی سۆسیالیزم وەک ئارمانجی بەرزی مرۆڤایەتی , سوورتر لە پێش دەکات . لە بەر ئەوەی کە کرێکاران بە تەجرووبە نیشانیان داوە کە هەر شکستێکی خۆیان بە ئەزموون وەرگرتن لەو شکستەدا دەکەنە چەکێک بۆ سەرکەوتنەکانی مەزنی داهاتووی خۆیان . ئەم ئەزموونە مەزنە یەکەمی مانگی خوێناوی مەی کرێکارانی شیکاگۆ بوو کە دەنگی ئەو هەموو ساڵ لە ساڵی پێشتر بەرزتر دەبێتەوە .چینی کرێکار لە مەودای زۆرتر لە یەک سەدە بەرێوەبردنی یەکەمی مانگی مەی , زۆر شکست و سەرکەوتنی بە خۆوە بینیوە , بەلام هیچ کات و لە هیچ ساتێک لە مێژووی ژیانی خۆیدا بە تایبەت لە کاتێک لە شۆرشی مەزنی ئۆکتوبەر موژدەی کردنەوەی لاپەرەیێکی نوێی لە مێژووی مرۆڤایەتی دەدا , لە گەڵ پاشەکشەیێکی بەم گەورەئیە ڕووبەروو نەبووە . هەڵوەشانی ئوردوگای سۆسیالیستی وەک بلۆکێکی نیزامی , سیاسی , ئابووری کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا دامەزرا بوو , لە ناوچوونی دەوڵەتانی بۆروکراتیک لە ئۆروپای ڕۆژهەلات و هەوڵ و تەقەلای ولاتانی ئیمپریالیستی بۆ داسەپاندنی سیستەمی نوێی تالانگەرانەی جیهانی و خۆشکردنی ئاگری شەڕەکانی تالانگەرانەی ناوچەیی , وەزعێکی ئاڵۆزی خوڵقاندووە . داگیرکردنی ولاتانی ناوچەکە و دەستێوەردان لە ئوموراتی چوارگۆشەی دونیا بە بیانوی شەڕ دژی تیرۆریزم تەنیا و تەنیا بۆ موسیتەر بوون بە سەر بازارەکانی جیهانی و تالانی سروەت و سامانی مادی و مەعنەوی گەلانی جیهان و پاشەکشە پێکردن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و کرێکاری ولاتانی ئەقماریە . لەم ناوەدا ئیمپریالیزم و سەرمایەی جیهانی بە هۆی سوود وەرگرتن

**هێزی پوتانسیەڵی ئەحزابی رادیکاڵ بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار و و خەباتی سیاسی ئەم چینە پاش سێ دەیە هێشتا دەبێ سەرفی خەبات دژی ئۆپورتونیزم و بیروبۆچوونی رزیوی ناوخۆی بزووتنەوەی چەپ بێت .**

لە دام و دەزگای تەبلیغاتی و ماشینی جەنگی خۆیان و دەمە تەقەی بەکرێگیراوانی ناسیونالیستی ئیفراتی خۆیان لە ناوچەکە ژستی هێزی ڕزگاریدەر بە خۆوە دەگرن و پاش هەر هێرشێکی داگیرکەرانە ژنراڵەکانی مرۆڤ کوژی ناتو وەک خوای ئازادی و قارەمانی ڕزگاری نەسڵی ئینسان دێنە پشت دوربینی تلویزیونەکان و سەرخۆش لە سەرکەوتنی خۆیان بۆ پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەم وڵاتانە پلانی جۆراوجۆر دادەرێژن !!؟؟ شەپۆلی لادانەوە لە سۆسیالیزم لە نێوان بەشێکی هەرە گرینگ لە هێزەکانی لایەنگری بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران و کەم بایەخ کردنی دەسکەوتەکانی ئەو ، ئەمڕۆکە زۆر پەرەی گرتووە و ئەم مەترسیە هەیە کە ئەم وەزعە کاریگەریی هەبێ لە سەر پووچەڵ کردنی ناوەرۆکی چینایەتی جەژنەکانی یەکەمی مانگی مەی . لە زۆر حاڵەت دا جیاتی ئەوەی کە یادی یەکەمی مانگی مەی بکرێت بە هاندەری کرێکاران بۆ وەبیر هێنانی بە کار هێنانی هێزی ئەوان بۆ بەدەس هێنانی مافەکانیان و هەروەها پەرەپێدانی خەباتی ئابووری بەرەو خەباتی سیاسی کرێکاری ، تەنیا وەک ڕۆژێکی دیاریکراو و تایبەت بە کرێکار و خاڵی لە ناوەرۆک وەک ڕۆژی منداڵان و یان ڕۆژی دایک و یان تەنانەت وەک ڕۆژی عاشقان و یان والنتاین چاوی لێ دەکرێ و بیانوێک دەبی بۆ سازدانی بساتی سور و سات و هەڵپەرکێ . هەڵبەتە دەبێ سەرکەوتنەکانی تاکو ئێستای چینی کرێکار بە خۆشی ڕێزی لێ بگرین ، بەڵام ئایا بە دوای رووخانی ئوردوگای سوسیالیستی بە گشتی و لە ئاستی جیهانی و ڕاپەرینی ساڵی 57 لە ئێران بە تایبەتی و لە ئاستی ناوخۆیی دا چینی کرێکار هەر دەم و ساتێک لە پاشەکشەدا نەبوو ؟ ئایا لەم حاڵەدا بزووتنەوەی چینی کرێکار نەک لە حاڵەتی هجووم بەڵکو لە حاڵەتی بەرگری کردن و موقاوەمەتدا نەبوو ؟ هەرچەند موقاوەمەتیش جێگای شانازیە بەڵام ئەم موقاوەمەتە بە تایبەت لە ئاستی ناوخۆیی دا خاوەن ڕێکخستن و مونسەجم و یەک دەست نەبووە . بۆیە تاکو ئێستا چینی کرێکاری ئێمە نەیتوانیوە لە بەرانبەر هێرشی سیستماتیک و ڕێک و پێک و ڕێک خراوی سەرمایە داران و بەکرێگیراوانی ئەوان بە شێوەیێکی ڕێک خراو و یەک دەست و یەکگرتوو وەڵامی ئەوان بداتەوە و لە هەمان حاڵدا خۆی بۆ حەرەکاتی داهاتوو ڕێک بخات . چینی کرێکاری ئێمە هێشتا لە بەرانبەر زۆر ڕووداوی ناوخۆیی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی توێژەکانی تری بن دەست لە ئێران بێ هەڵویستە و و یان لە بەرانبەر زۆر ڕووداوی ناوچەیی وەک ئەگەری شەڕ لە ناوچەکە ناتوانێ هەڵویست وەر بگرێ بۆیە ئەم مەترسیە هەیە کە وەک شەڕی پێشوو واتە شەری هەشت ساڵەی دواکەوتووانە لە نێوان حکومەتەکانی ئێران و عێراق ببنە گوشتی دەم توپی رژیم و کورەکانی شەڕی ناعادڵانەیێکی تر بۆ حاکیمانی دیکتاتۆری سەرمایەداری گەرم ڕابگرن !! هەڵبەت ئەمە ڕاستیێکی تاڵە بەڵام تا ئەو کاتەی چینی کرێکار ئەسیری تەوەهوماتی خۆی بێت و لە چوارچێوەی تەحلیلاتی هێندێک ئۆپۆزیسیونی ئوکونومیست و ریفورمیست چاو لە بزووتنەوەی ئەو بکەین وەزعی ئەم چینە تەنانەت لە باری ئابووریش لەمەی کە ئێستاکە هەیەتی باشتر نابێ کە هیچ بەڵکو خراپتر دەبێ . چینی کرێکارێک کە هێشتا نەیتوانیوە پێکهاتە سەربەخۆەکان و زەردی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی ئابووری خۆی ڕێک بخات چۆن و بە چ ئاسوێک دەتوانێ ئاڵترناتیوی شۆڕشگێرانەی خۆی بە جێگای دەسەڵاتێک کە بەرەو نەمانە حاکیم بکات ؟ بورژوازی بە سەدان و هەزاران پیلان بزووتنەوەی کرێکاری دەکاتە ئامانجی خۆی و بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو یارمەتیێکی ناوخۆی حکومەت و دەرەوەی حکومەت سوود وەر دەگرێ . هێزی پوتانسیەڵی ئەحزابی رادیکاڵ بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار و و خەباتی سیاسی ئەم چینە پاش سێ دەیە هێشتا دەبێ سەرفی خەبات دژی ئۆپورتونیزم و بیروبۆچوونی رزیوی ناوخۆی بزووتنەوەی چەپ بێت . ئەو بیروبۆچوونە وێرانگەرەی کە هەموو کات لە کەمینی هەڵەکان بووە بۆ بەلارێ بردنی خەباتی چینی کرێکار و ئەسیر کردنی ئەو لە چەنبەرەی خەباتی ئابووری بۆ وە دەس هێنانی سەنار سێ شاهی زیاتر و چەک و چانە دان لە سەر تومەنێک زیاتر حەق دەس !!!!

بەڵام سەرەرای هەمووی ئەم هەوڵ و تەقەلانەی بۆرژوازی دەبێ تەعکید بکەین لە سەر ئەم ڕاستیە کە یەکەمی مانگی مەی , جەژنی پێشرەویەکانی کرێکارانی سەرانسەری جیهانە لە خەبات دژی سیستەمی کۆیلەیی بەکرێگیراوی و دەبێ ریزەکانی کرێکاران لە دیفاع لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی چینایەتی خۆیان ڕێک بخەین و پتەوتری بکەین . دەبێ بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە و بە نیشاندانی هێز و توانای کرێکاران لە هەر وڵاتێک , ڕێگای پێشرەویەکانی تازە دژی سیستەمی سەرمایەداری و بە ئەزموون وەرگرتن لە هۆیەکانی شکستەکانی ڕابردوو , خۆش بکەین . کرێکاران لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان زۆر زۆرتر لە کەسانێتر تێدەگەن کە وەعد و بەڵێنەکانی دەسەڵاتداران بۆ دامەزراندنی (( عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ))



پشتیوانی و لایەنگری لە موستەزعەفین و بێ بەشان )) و . . . جگە لە درۆ و دەلەسە و فریوکاری شتێکی دیکە نیە . ژیان و راستیەکانی سەرسەخت و ئەزموونی خەبات ، کرێکاران و زەحمەتکێشانی فێر کردووە تاکو گۆرەپانی فریوکاری دەسەڵاتداری دواکەوتوویی و سەوداگەرانی ئۆپۆرتۆنیست _ ریفورمیستی ئەوان تەسکتر و دیسان تەسکتر بکەن . دواکەوتوویی دەسەڵاتدار کە تا دوێنی تێدەکۆشا تاکو لە ژێر ئاڵای شەڕی دواکەوتووانە و پاشان دروشمی نوژەن کردنی ئابووری ، کۆمەلانی خەڵک بکاتە گۆشتی دەمی تۆپ و یان هێز و توانای ئەوان بە نرخێکی هەرزان بۆ وە دەس هێنانی قازانجی زۆرتر بۆ پڕ کردنی گیرفانی خۆیان بە کار بهێنێ ، ئەمرۆکە بەرێوەبردنی سیاسەتی دژی مرۆیانە و چەوسێنەرانە چوێتر رووداوخوازی و هەڕەشەی ئەو بە بوونەی هەل و مەرجی نوێ پاش هاتنی راستەوخۆی هێزەکانی ئیمپریالیزم وەک هاوپەیمانانی دێرینی خۆی ، ناتوانێ بیێتە هۆی مانەوەی جگە لەوەی کە وەک راسپاردەیێک رەوتی بزووتنەوە لە هێلی ئەسلی و راستەقینەی خۆی بە لاڕێ ببات . بینیمان و دەبینین کە چۆن سیاسەتی بە رواڵەت (( نوژەن کردنی ئابووری )) خۆی بە قەیمەتی هەژاری و چارەڕەشی و بێ مافی هەر چی زۆرتری زۆرینەی خەڵک ، واتە کرێکاران و جووتیاران ، کاسبکارانی ورد ، فەرمانبەران و توێژەکانیتری زەحمەتکێشی خەڵک جێبەجێ کرد و ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرکردەکانی تالانچی کۆماری ئیسلامی بێ شەرمانە ئیدیعا دەکەن کە گوایە چەوساندنەوە نیە ، کرێکار و سەرمایەدار دەبێ برایانە چەرخی ئابووری وڵات بسوورێنن و ئابووری تێک شکاوی وڵات سەر لە نوێ دروست بکەن . ئەمرۆکە بەردەوام بوونی خەباتی چینی کرێکار ئەم راستیە دەسەلمێنێ کە زەحتی ژیان بە سەر شانی چینی کرێکار ئەوەندە تاقەت پرۆکێنە کە کرێکاران سەرەرای خەتەری دەسگیری ، ئەشکنجە و مردن و بێکار بوون و برسیەتی درێژە بە خەباتەکانی مانگرتن و نارەزایی و خۆپیشاندانی توونـد و تێژی خۆیان لە بەرانبەر هێرشی رێژیم دەدەن و لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دیفاع دەکەن . بەڵێ چینی کرێکار کە بۆ ئازادی خۆی و لەو رێگایەدا بۆ ئازادی هەموو کۆمەڵگا و تەواوی مرۆڤەکان پەیکار دەکات ، لە رێگای بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی مێژوویی خۆی لە گەڵ زۆر گیر و گرفت و دژواری رێگا رووبەروویە . سیتەمی چەوسێنەرانە و دەسەڵاتداری دواکەوتووانە سەدان و هەزاران ئامرازی سەرکوت و فریوکاری و درۆ و دەلەسەی بە کار هێناوە ، بە هەموو هێز و توانای بەر بە بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی کرێکاران و رێکخستن و یەکگرتن و ورەی جەنگاوەری ئەوان دەگرێ ، بە هۆی ئۆرگانەکانی بەکرێگیراوی خۆی وەک شووراکان و ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی ، لە لایەکەوە بە کەڵک وەرگرتن لە تەعەسوباتی مەزهەبی و میللی و لە لایەکی دیکەوە لە وشیاری کرێکاران و تێگەیشتنی ئەوان بە نیسبەت قازانجەکانی چینایەتی و مێژوویی خۆیان ، رێگر دەبێ . کرێکارانی پێشرەو لە ناو کارخانەکان و ناوەندەکانی کرێکاری دەر دێنێ ، دەریان دەکات ، دەیان خاتە زیندان ، ئەشکنجە و ئیعدامیان دەکات و هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ پێک هێنانی دوو بەرەکی خستنەوە لە ریزی کرێکاران و بە لارێ بردنی ئەوان بە کار دێنێ .

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەودای دەسەلاتداری نگریسی خۆی ، کۆمەڵگای بەرەو بەربەریەت و وەحشیگەری سەدەکانی ناوەراست بردووە ، لە بەرانبەر خەباتەکانی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵک فاشیستیترین شێوەکانی سیاسەتی سەرکوت و فریوکاری و زەوت و پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکان و ئازادیەکانی تاکەکەسی و گشتیی بە کار هێناوە . لە لایەکەوە ئەزموونەکانی کرێکاران لە مەودای حکومەتی خوێن و جنایەت و فریوکاری و درۆ و دەلەسە ، ئەوان فێر دەکات کە هیچ هێزێک جگە لە هێزی رێک خراو و یەکگرتووی خۆدی کرێکاران ناتوانێ رزگاریدەری کۆمەڵگا لەم هەموو نەهامەت و گرفتەی سیستەمی زاڵمانەی داسەپاو بێت . و هیچ هێزێک ناتوانێ قورسایی هەژاری و نەداری لە سەر شانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا هەڵگرێ ، جگە لە هێزی خۆدی کرێکاران . پووچەڵ بوونی وەعد و بەڵێنەکانی بە دوور لە راستی دەسەلاتداران بۆ چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵک بە تەواوی ئاشکرا بووەتەوە ، کرێکاران لە ژیانی رۆژانە و بە تەجرووبە تێگەیشتوون کە هیچ ئاشتبوونەوەیێک لە نێوان سیستەمی سەرمایەداری و چینی کرێکار وجودی نیە . بە دوای ئەو هەموو وەعد و بەڵێنە ، ستەم و سەرکوت توونـد و چەوساندنەوە زۆرتر بووەتەوە ، حەق دەسی کرێکاران لە بەرانبەر هەستانی سەر سوور هێنەری نرخی کەل و پەلەکان بەردەوام دادەبەزێ ، رادەیێکی زۆرتر لە کرێکاران بێکار دەبن ، کرێکاران بە هۆی سەرکوتی هەوسار پچراو و دام و دەزگای سەرکوت و سیخوڕی حکومەت لە ناوەندەکانی کرێکاری ناتوانن رێکخراو و دامەزراوە و پێکهاتی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن . لە یەک قسەدا بە شێوەیێکی بەردەوام ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان رۆژ لە دوای رۆژ دژوار و دژوارتر دەبێ ، سەرەتاییترین ئازادیەکان و مافەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان لە لایەن دەسەڵاتداران زەوت و پێشێل دەکرێ .

رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەموو رێژیمەکانی سەرمایەداری دیکە لە رێکخستن و تێگەیشتنی کرێکاران دەترسێ و بە دامەزراندنی رێژیمی تیرور و خەفەخان ، سەدان کرێکاری پێشرەوی گوللەباران کردووە ، هەزاران کرێکاری خەباتگێر و پێشرەوی لە سەر کار دەر کردووە و یان خستویانە زیندان ، لە بەر ئەوەی کە هێزی مەزنی کرێکاران بە باشی وە بیر دێنێ کە چۆن حکومەتی پاشایەتیان بە ئەژنۆ دەر هێنا و ئەویان تێک شکاند . دامەزراندنی شووراکان و کومیتەکانی شۆرشگێرانە ، پشتیوانی کرێکاران لە خەباتی جووتیاران ، خوێندکارانی زانکۆکان ، قوتابیان و . . . رێژیم هەمووی ئەمانە دەزانێ ، بۆیە هەست بە زۆرترین خەتەر لە لایەن چینی کرێکار بە نیسبەت خۆی دەکات .کۆماری ئیسلامی بە لەبەر چاوگرتنی هەموو راستیەکانی کۆمەڵایەتی ، بە نیسبەت ساڵەکانی رابردوودا لە وەزعێکی زۆر ئاڵۆزدایە .

لە بواری ئابووری تووشی قەیرانێکی توونده . لە بواری سیاسیش , کۆمەڵانی خەڵک نەفرەتی لێ دەکەن . لە بواری ناوخۆیی بە هاتنەوە ناو مەیدانی باڵێکی تری بورژوازی واتە بورژوازی بوروکراتیک کە پێکهاتووە لە نیزامیەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر دەسەڵات ، وەزعیەتی هاوسەنگی لە نێوان دوو باڵی ریفۆرم خواز و بازار بە قازانجی بورژوازی بوروکرات بە تەواوی لێک دراوە و نیزامیەکان بە پالپشتی ئیمکاناتی مالی گەورە کە لە دەستیاندایە توانیانە دەس بە سەر هەموو کاروباری ناوخۆیی وڵات دابگرن و رەقیبەکانیان بە شێوەیکی کودیتاگەرانە لە مەیدان دەر بکەن و توونددترین شێوە و شێوازەکانی سەرکوت بۆ راگرتنی بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بە کار بهێنن .لەم بارودۆخەدا بزووتنەوەی خەڵکی روو لە پەرەسانده و لە مەودای ساڵی رابردوودا خەڵک توانیان لە زۆربەی شارە گەورەکان و بە تایبەتی پایتەخت بە بیانوی پێشیلکاریەکانی هەڵبژاردن خۆپیشاندانی قەهر ئامیزی گەورە ئەنجام بدەن و لە بەرانبەر دەزگای سەرکوتی نیزامیانی حاکیم راوەستن . چینی کرێکار لە ئێران لە بەستری ئاوا هەلومەرجێکی ئالۆزی سیاسی و ئابووریە کە دەتوانی ریزەکانی خۆی رێک بخات و لە پێشەوەی بزووتنەوەی گشتی خەڵکی خەباتی جەماوەری بەرەوە پێش ببات . ئەم هەمووە زەمینەیکی باش و گونجاوە بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاران . مانگرتنەکانی کرێکاری کە جاروبار دەبێتە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکانی کرێکاری ,

خۆی بە خۆیدا نیشاندەری پۆتانسیەڵی مەزنی بزووتنەوەی کرێکاریە بۆ پەیوەندیی لە گەڵ بزووتنەوەی جەماوەری و رێبەری کردنی ئەو تاکو سیستەمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی وەک تەنیا رێگای دەرباز بوون لە هەزاران دەرد و رەنج و مەینەتی کۆمەڵگای چەوسێنەرانەی داسەپاو .

رۆژی یەکەمی مانگی مەی دەبێ ببێتە رۆژی تەداروکی خەباتی هەرچی مەزنتر و بەربلاوتر دژی کۆماری ئیسلامی . تەنیا و تەنیا بە مانگرتنی سیاسی گشتی و خەباتی چەکدارانەی گشتی دەتوانین دەسەڵاتی نگریسی سەرمایەداران و مافیای دەسەڵات و سروەت لە ئێران بڕووخێنین .

**سوسیالیزم و کۆمۆنیزم ، نە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ دوستانە بووە و نە واتای پەرستینە کە لە خەونەکانی رێفۆرم خوازانی کۆمەلایەتی و لە ئاواتە خاوەکانی مرۆڤانی بێ دەسەلات لە بەرانبەر رووداوەکان و کارەساتەکانی مێژوو و سرووشتی پەیدا بوو بێت . کۆمۆنیزم بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوو و ئاکامی تێکەڵ چوونی دووچینی دژ بەیەکی کۆمەڵە ، چینی کرێکار و چینی سەرمایەدارە کە دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگای سەرمایەداری سەردەم پێک دێنن.**

# بزووتنەوەی خەڵکی و رەوتی بەرەوپێشی تاکو رووخانی حاکمیەت !

لە رێبەندانی ساڵی 57دا خەڵکی ئێران بە دژی دیکتاتوری شا راپەرین تاکو کۆتایی بهێننە دەسەڵاتێک کە بناغەی لە سەر ستەم و چەوساندنەوەی خەڵکی زەحمەتکێش دامەزرابوو . سەرەرای بوونی ملیونەها خەڵکی راپەریو لە جەریانی نارەزاتیەکان و شۆرشدا ، بەڵام بە هۆی کەم بوونی تەجرووبەی هێزەکانی شۆرشگێر و هەروەها تەوەهوم و گومانی کۆمەلانی خەڵک بە نیسبەت مەزهەب و سازش و خەیانەتی لە پشتی پەردەی مەزهەبیەکانی تەعەسوبی بە رێبەرایەتی روحوللا خومەینی مەسیر و رێگای خەباتی خەڵکی بە لارێ چوو و بە جێگای رووخانی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی داسەپاو و لە ناوچوونی بە تەواوی دامودەزگاکانی سەرکوتی رێژیم وەک ئەرتش و ساواک و ژاندارمری و پولیس و دەزگاکانی تری ئیتلاعاتی و دژی گەلی ، سیستەمی دیکتاتوری وەک خۆی مایەوە و تەنیا ناوەکەی لە سیستەمی پاشایەتی گۆرایە کۆماری ئیسلامی . رێژیمێک کە سی ساڵ لەمەوبەر بە یارمەتی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردەیی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە لە جێگای حکومەتی سەلتەنەتی دەسەلاتی بە دەستەوە گرت ، زۆر سەرکوتگەرتر و دواکەوتووتر لە رێژیمی شا لە گەڵ خەڵک هەلسوکەوتی کردووە . ئەم رێژیمە لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتەوە ، لە بواری ئابووری - سیاسی بەرگری لە قازانج و بەرژەوەندی بازاریەکان و شریکەکانی بوروکراتی ئەوان کردووە . لە بورای کۆمەلایەتیشدا هەمیشە خوڵقێنەر و پەرەپێدەری بیروبۆچوونەکانی خورافە پەرستی عەهدی کۆن بووە و دواکەوتووترین و پیسترین یاساکانی مەزهەبیی بە دژی خەڵکی ئێران بەرێوە بردووە . راپەرینی 57 لە بورای مێژوویدا درێژەی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران پاش کودیتای 28ی گەلاوێژی ساڵی 32 ە کە بە دوای ئەم کودیتایە خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دیموکراسی درێژە بە خەباتیان دا . ئەوان هیچ کات تەسلیمی دەسەڵاتداران نەبوون و ئیرادەیان بۆ رووخاندنی سیستەمی زاڵمانەی داسەپاو و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک ، سست و لاواز نەبوو .راپەرینی 57 بۆ دامەزراندنی حکومەتی مەزهەبی نەبوو . لەو کاتەدا ، نفووزی لە رادەبەدەری ئەمریکا لە دامودەزگای ئەرتش و ئیتلاعاتی رێژیمی شا بووە هۆی ئەوەی کە کاتێک خەباتی خەڵکی پەرەدەستێنی ، ئەوان بۆ جارێکی تر لە ئێران کودیتا بکەن . راپەرینی 57 لە نیوەی رێگادا راوەستا و بە هۆی پلانی ئەمریکا و دەولەتەکانی تری ئیمپریالیستی کە قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە مەترسی دەبینی ، دەسەڵات لە رێژیمی پاشایەتی درایە دەستی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە رێبەری خومەینی . پێش لە کونفرانسی ساڵی 1978ی گوادەلوپ ، خومەینی ئیبراهیمی یەزدیی وەک نوێنەری خۆی ناردە ئەمریکا تاکو لە بارەی حکومەتێک کە ئەیویست پاش حکومەتی شا لە ئێران دایمەزرێنی لە گەڵ ئەمریکیەکان وت و وێژ بکات . لە فەرنسایش سادقی قوتب زادە زۆر جار حکومەتی فەرنسای دڵنیا کردەبوو کە خومەینی پارێزەری قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەبێت . کاتێک خومەینی بە پشتیوانی هەمە لایەنی مادی و مەعنەوی ولاتانی ئیمپریالیستی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی خۆی لە ئێران دامەزراند ، خەڵکی ئێران تەسلیمی ئیرادەی ئەوان نەبوون و لە گەڵ هێزە شۆرشگێرەکان زۆر حەماسەیان خوڵقاند و کرێکارن و زەحمەتکێشانی ئەم ولاتە بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووەکانیان هەمیشە لە گۆرەپانی شەر و خەباتی عادلانەی خۆیان بە دژی حاکیمان حازر بوون . لە کوردستانەوە تاکو بەلووچستان ، لە تورکمەن سەحراوە تاکو ئازەربایجان و تاکو خوزستان بە دژی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئەوان راپەریون . دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای حکومەتیانەوە تاکو ئێستا هیچ کات و تەنانەت بۆ ساتێکیش راحەت نەبوون و هەمیشە لە ترس و دڵەراوکی بوون . ئەم رێژیمە لە مەودای 30 ساڵدا تەنیا لە ژێر سێبەری سەرکوت و سەرنەیزەدا توانیە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات . ئەوان بۆ پاراستنی دەسەلات و قازانج و بەرژەوەندی خۆیان و سەرمایەی جیهانی مندالەکانی خۆیانیانیش بە بێرەحمی تەواو دەکوژن وەک چۆن مەلا حەسنی ئیمام جومعەی ورمیە کورەکانی خۆیی کوشت و یان گیلانی سەروکی دادگاکانی شۆرش کۆرەکانی ئیعدام کرد و یان کوشتارەکانی ساڵەکانی 60 و 67 لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کە هیچ کات لە بیر ناچێتەوە .

بەم پیشەکیە کە باسمان کرد با بزانین ئایا پاش هەڵبژاردنەکانی سەروک کۆماری جۆزەردانی رابردوو چ هەڵسەنگاندنێکی بە هەڵە سەبارەت بە بزووتنەوەی خەڵکی لە ئێران دەکری و ئایا بزووتنەوەی خەڵکی لەم قۆناخەدا لە مەسیرێکی دیریکراودا کە دابینکەری قازانج و بەرژەوەندی باڵێکی تایبەتە ، لە جەریاندایە یان ئەوەی کە مەسەلە شتێکی ترە . لە ئەسڵدا لە ناو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێراندا مەسەلەیێک بە ناوی بزووتنەوەی سەوز یان زەرد مەترەح نیە . خەڵکی ئێران لە مافەکانیان تێگەیشتوون و بە باشی دەزانن کە لە جیهانی ئەمرۆدا مافەکانی ئەوانە کە خاوەن جێگەیێکی تایبەتە و دەبی بەرگریی لێبکەن . ئیستفادە کردن لە ناکۆکی نێوان سەرکردەکانی باڵەکانی پێکهێنەری حاکمیەت بە مانای پشت بەستنی خەڵک بە هیچ کام لە باڵەکانی ناوخۆیی دەسەڵات نیە و پاش هەڵبژاردنەکانی سەروک کۆماری جۆزەردانی رابردوو و رووداوەکانی بە دوای ئەم هەڵبژاردنەدا ، ئەمە سەرکردەکانی باڵی دۆراو و ریفورمخواز و لیبراڵەکان بوون کە هەولیاندا خۆیان لە گەڵ داخوازی و بزووتنەوەی خەڵکی رێک بخەن . ئەمە زۆر سرووشتیە کە خەڵک لە باڵی دۆراو و نارازی ناوخۆیی دەسەڵات کەڵک وەربگرێ تاکو دەنگی نارەزایی خۆی بەرزتر بکاتەوە . ئەگەر موسەوی و کەروبی هەر کام بە نورەی خۆیان لە تەقەلوب و تەزویر لە هەڵبژاردنەکان و یان دەستدرێژی و تەجاوز

لە ناو زیندانەکانی ئیسلامی تێدەکۆشن بزووتنەوەی تێگەیشتووانەی خەڵکی ئێران درێژە بە

ڕێژیمدا قسە دەکەن ، و یان ئەوەی کە

ئەحمەدی نەژاد لە قسەکانی خۆی ئاماژە بەوەی تاکو بە یارمەتی دەزگاکانی



دەکات کە ئاغا زادەکان چۆن و بە چ شێوەیەک گەشەیان کردووە و بوونەتە خاوەن سەروەت و سامانی گشتی خەڵک و چۆن هاشمی ڕەفسنجانی و ناتق نووری و ئەفرادی وەک ئەوان خەزانەی دەوڵەتیان گواستونەتەوە بۆ حسابە بانکیەکانی تایبەتی خۆیان و لە حاڵێکدا خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر دەبوون لەقەبی و نازناوی سەرداری سازەندەگیان بە خۆ دەدا ، خۆد

ڕێگای خۆی ئەدات و متمانە ناکاتە

بەیانی ئەو ڕاستیانەیە کە هەموو خەڵکی ئێران بە درێژایی 30 ساڵی ڕابردوو بە باشی دەیانزانن ، بەڵام بەیانی ئەم ڕاستیانە لە زمانی سەرکردەکانی پێشووی دەسەڵات خاڵێکی موسبەتە بۆ خەڵک و بەرزتر کردنی دەنگی نارەزایەتیان . و بۆیە بەیانی ئەو ڕاسنیانە کە خۆدی خەڵک بە درێژایی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی لە سەری واقفن ناتوانێ بە مانای ئەمە بێت کە خەڵک لە بەر بەیانی ئەم ڕاستیانە لە زمانی موسەوی و کەروبی و ڕێبەرانی سەوز چوونەتە ژێر ڕەکیفی ئەوان و ڕێبەری ئەوانیان بە سەر بزووتنەوەی خەڵکی قبووڵ کردوون . بەڵام بە مانای ئیستفادە لە ئامرازەکانی فشاری زۆرتر بۆ سەر دەسەڵات هەیە و ئەمەیش شتێکی زۆر سرووشتی و ئاسائیە . بۆیە ئەم ئەفرادە هەر هەڵوێستێک لە بەرانبەر حاکیەت وەرگرن ، نابێتە هۆی هیچ تەغییرێک لە ناوەرۆکی بزووتنەوەی خەڵکی کە بە مەبەستی ڕووخاندنی سیستەمی حاکیم و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئارادایە . باشە بزانین ماوەیکە ئەفراد و دارودەستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم و شریکەکانی پێشووی کۆماری

هەواڵنێری جیهانی وانیشان بدەن کە گوایە بزووتنەوەی خەڵکی ئێران هەمان بزووتنەوەی سەوزە . بزووتنەوە سەوز یان هەمان بزووتنەوەیێک کە بە یارمەتی و بە پول و پارەی ڕەفسنجانی و بازاریەکانی فرێ دراو لە ناو حاکمیەت ڕەنگی سەوزیان داوەتە لە موسەوی سەروک ومزیرانی هەشت ساڵەی خومەینی تاکو بە هێزێکی زیاتر بەرگری بکات لە قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەدارانی بازار لە بەرانبەر باڵی سەرمایەداری بوروکراتیک بە نوێنەرایەتی ئەحمەدی نەژاد . ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیێک کە خۆی بە ناوی سەوز دەناسێنێ بریتین لە : موحسین سازگارا ، عەبدولعەلی بازرگان ، عەبدولکەریم سروش ، ئەکبەر گەنجی ، موحسین کەدیومر ، سەید عەتائوللا مەهاجرانی ، موحسین مەخمەلباف ، مەسعود بەهنود ، عەلیرەزا نوریزادە لە گەڵ ڕێبەرانی بەکرێگیراوی ڕێکخراوی ئەکسەریەت و چەند کەسێکی تری بێ ناو و نیشان کە هەموویان لە مەودای ساڵەکانی ڕابردوودا ئەفرادی سەرکوتگەر و ئیتلاعاتی و جاسوسی ڕێژیم بوون .

هیچ کام لە ئەفرادی پێشووی ڕێژیم و یان ئەو ڕەوتانەی کە پێشتر لە گەڵ گەل کۆماری ئیسلامی هاوکاریان کردووە . بزووتنەوەی خەڵکی ئێران پشت نەبەستووتە ئەم یان ئەو کەس و یان کەسانی تر . بۆیە ڕەوتی خەباتی داهاتوو و بەرەوپێشی خەڵکی ئێرانە کە کۆتایی حکومەتی ئیسلامی دیاری دەکات . ئەگەر تاکو ئێستاکە قورسایی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران لە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بووە ، هەر ئەم چین و توێژە زەحمەتکێش و ستەم لێکراوەن کە بە بوونی خۆیان لە گۆڕەپانی خەباتی بێ وەچان ئیجازەی سوئیستفادە بە هیچ کەس و گرووپێک نادەن تاکو لە ئیعتباری خەباتی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵک وەرگرن . ژنان و خەڵکانی ژێر ستەمی و خوێندکارانی ئێرانیش کە لە مەودای 30 ساڵی ڕابردوو لە بچووکترین مافە دیموکراتیکەکانیان بێ بەش و مەحروم کراون ڕێگای ئۆسوڵی و دروستی گەیشتن بە داخوازیەکانیان لە درێژەپێدانی خەباتی ڕادیکاڵ دۆزینەتەوە نەک لە پشت بەستن بە ئەفراد و ڕەوتەکانی فرێ دراو لە باوەشی حکومەتی ئیسلامی .




# سەد ساڵ تەنیایی




گابریل گارسیا مارکیز لە ساڵی 1928 لە کولۆمبیا لە دایک بوو واتە کۆتایی ساڵەکانی پەرەسانی و گەشەکردنی بازاری مۆز لە ئاراکاتاکای کولۆمبیا . لەو کاتەی کە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان پەرەی ئەستاند و زیاتر لە سەد مانگرتوو لە شەوێکدا لەو شارە تیرباران کران و خرانە ناو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا .

ماوەیکی زۆری نەخایاند کە پاش هاتنی بۆ سوکری ، بڕیاریدا کە درێژە بە خوێندنی بدات و لەو کاتەدا شیعری پێکەنینی و دەوت و کاریکاتۆری دەکیشا . لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا بورسی خوێندنی قوتابخانەی قوتابیانی مومتازی وەرگرت بەڵام بیرەوەری تاڵئصی ئەو لە بوگۆتا پایەختی کولۆمبیا بووە هۆی ئەوەی کە تەنیا یەک هەفتە لەوی بمێنێ . لە تەمەنی هەژدە ساڵاندا لە قوتابخانەی حقوق ناونووسینی کرد و پاشانیش لە بەشی رۆژنامەوانی . خوێندنی کتێبی مەسخ نووسینی نووسەری گەورە کافکا کاریگەری زۆری لە سەر مارکیز هەبوو و بە تەواوی بووە هۆی گۆڕینی تێڕوانینی ئەو بە نیسبەت ئەدەبیات و خەتی سەیری چیروک ، کە ناکری هەموو کات لە خەت سەریرێکی راست و تەرحێکی روون و ئاشکرا و مەوزوعێکی هەمیشەیی پەیرەوی بکات . بە دوای ئەم ئالوگۆرە فیکریە بوو کە دەستی دایە خوێندن و نووسینی چیروک و یەکەمین چیروکی ماکیز بە ناوی سێهەمین ئیستعفا لە ساڵی 1946 لە رۆژنامەی بوگۆتا چاپ کرا . لە ساڵی 1955 و بە دوای ریسوایی دەسەڵات لە جەریانی غەرق بوونی کەشتی ناوشکێنی کولۆمبیایی و ئاشکرا کردنەکانی یەکێک لە مەلەوانانی ئەو کشتیە مارکیز بە هۆی تورە بوونی حکومەت لە پەیوەندی نێوان مارکیز و مەلەوانەکە کە راستیەکانی غەرق بوونی کشتیەکەی لە لای مارکیز ئاشکرا کردەبوو ، بە شێوەیکی کاتی لە کولۆمبیا دوور خرایەوە و دەربەدەری ئوروپا بوو و ماوەیێک لە ئیتالیا لە بەشی سینەما خوێند و پاشان چووە ئوروپای رۆژهەڵاتی سوسیالیستی و پاش یەک ساڵ دوستانی مارکیز توانیان رومانی توفانی گەڵا لە بوگوتا چاپ بکەن . پاش نووسینی چەندین رومان وەک کەسێک بۆ سەرهەنگ نامە نانووسێ و ساعەتی نەحس هێشتا رێگایکی زۆری مابوو تاکو سەبکی کاری خۆی بدۆزێتەوە . سەبکێک کە بە نووسینی کتێبی سەد ساڵ تەنیایی مارکیزی گەیاندە لوتکەی ئەدەبیات و ناوی لە جیهان داخست . پاش ماوەیکی کەم کە لە لەندن بوو گەرایەوە بۆ ونزوئیلا و لە ساڵی 1958 چووە ولاتی خۆی واتە کولۆمبیا . مارکیز لە رۆژنامەی مۆمنتۆ بە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا نووسی و دەوڵەتی کولۆمبیایش لە ئەمریکا داوای لێبوردنی دەکرد و بۆیە مارکیز و دوستی ئەو مندۆزا ئیستعفایان دا و پاش ماوەیکی کەم مارکیز و هاوسەرەکەی چوون بۆ کوبا و لە لایەن شۆرشی کوباوە پشتیوانیان لێکرا .

کتێبی سەد ساڵ تەنیایی مارکیز لە مەودای سێ ساڵ واتە لە ساڵی 1967 تاکو 1970 لە نیو میلیون نوسخە چاپ کرا و ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە تەنها لە یەک هەفتەی یەکەمیدا لە هەشت هەزار نوسخە فرۆشرا . مارکیز ئێستا باشتر دەتوانی لە هێزی سیاسی خۆی تێبگات و بۆیە لە رێگای مادی و مەعنەوی یارمەتی جەریاناتی چەپی کولۆمبیا و ئەمریکای لاتین و ئانگولا بدات . لە ساڵی 1981 بە تومەتی یارمەتی دان بە گروپی چریکی M-19 مەجبوور بە تەرکی کولۆمبیا و پەنابردن بە ولاتی مەکزیک بوو و لەو ولات داوای پەناهەندەگی سیاسیی کرد . لە ساڵی 1982 خەلاتی ئەدەبی نوبیلی بردەوە و لەم کاتەدا دەوڵەتی کولۆمبیا کەوتە بیری ئەوەی کە بە پەیوەندی گرتن بە مارکیز بۆ خۆی لە باری نێودەوڵەتی پرستیژ بە دەس بهێنێ . و بۆیە سەرۆک کۆماری کولۆمبیا لە ئوستوکهۆڵم چاوی بە مارکیز کەوت و داوای لێبوردنی لێ کرد . پاشان چەندین کتێبی دیکەی وەک بۆنی خۆشی گواوا و هەروەها ویوا ساندینو سەبارەت بە ساندینیستەکان و شۆرشی نیکاراگوئەی نووسی . لە ساڵی 1986 کتێبی عشقی ساڵەکانی وەبای نووسی کە پێشوازیکی زۆری لێکرا . ئێستاکە گومانێکی لێنەدەکرا کە گابریل گارسیا مارکیز بووە کەسایەتیەکی ناسراوی جیهانی کە خۆشەویستی خەڵکی جیهان بوو .



بەشی هەفتەم

# پەرەساندنی شۆرش و سەرلێشێواوی موجاهیدین!

به دوای راپەرینی شکۆداری ڕێبەندانی 57 ، لە گەڵ رووخانی سووری ڕێژیمی سەڵتەنەت سەرخانی ڕەشی وەلایەتی فەقیح لە شکل و شەمایلی کۆماری ئیسلامی ، لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشت و زۆر خێرا و بە بێ دەنگ کردن نوژەنکردنی ئورگانەکان و دەزگاکانی زەبر لێکەوتووی بورژوازیی دەسپێکرد . شۆرش دەسەڵاتی لە سەرمایەدارانی گەورەی پاوانخوازی ساند و بە لە ناوبردنی دەرباری سەڵتەنەت و لایەنگرانی ئەو ، کۆڵەکەکانی سیستەمی ورد کرد . بەڵام زۆرێک لە فەرماندەکانی ئەرتشی ئاریامهری کە ئەرتش و هێزی ئاسمانیان کونترول دەکرد ، لە سەر پوست و پایە و مەقامی خۆیان مانەوە و خەریکی نوژەنکردنی ئەرتشی تێک شکاو بوون . دەوڵەتی کاتی لە گەڵ پێکهاتێک لە نوێنەرانی نەناسراوی ئیمپریالیزم و بە موری جیبهەی میللی کە ئەفسانەی میللی گەرایی لە سەر خۆی داکوتابوو ، بوونە بەرپرسی و مەسئولی کۆکردنەوەی ساز و بەرگی بورژوازی . دەوڵەتی کاتی بە تەپ و تۆز و دروشمی بە رواڵەت دژی ئیمپریالیستی ئیمام ، بە سەر و چاوی کۆمەڵانی متەوەهەم خاک و خۆڵی حماقەتی دەپاشی و بە دروشمی " اللە اکبر " زەرادخانەی بورژوازیی خستە کار و خەباتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی سەرکوت دەکرد .

سەرەرای ئەم هەمووە ، هێزی شۆرش گەورەتر لەوەی بوو کە بەم بایە بلەرزێ . شۆرش لە سەنگەری خۆراگری پولائینی پرولیتاریا و خەباتی پەرەئەستێنەری جووتیاران و هەژارانی شار و پەیکاری دلێرانەی توێژەکانی زەحمەتکێشی کۆمەلایەتی و خەڵکانی ستەم لێکراو ، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرەی ئەستاند . شوورکانی شۆرشگێرانەی کرێکاران و جووتیاران و پێکهاتەکانی تری خەڵکی زۆرتر رێک دەخران . شۆرش بە پەرەساندنی هەرچی زیاتری خۆی ، سنووربەندیەکانی چینایەتیی زیاتر دیاری دەکرد . پێکدادانی بێ وەچان لە نێوان شۆرش و دژی شۆرش ، کاردانەوەی خۆی بە شێوەیکی راستەوخۆ لە سەرەوە بە جێ دەهێشت و دووبەرەکیی دەخستە نێوان باڵەکانی سیاسی حاکیم کە هەر کام بە شێوەیێک و بە شێوازی تایبەت بە خۆیان هەولیان دەدا بەر بە بەرەوپێش چوونی شۆرش بگرن . نموونەی بەرچاوی دژایەتی لە نێوان هێزەکانی خەتی ئیمام و دەوڵەتی کاتی بازرگان ، لە شکڵی ئاشکرا خۆی وەک ئیسلامی سەرمایەداری یان سەرمایەداری ئیسلامی نیشان ئەدا . یەکەمیان بە پالپشتی ئیسلامی سەدەکانی ناوەراست هەولی ئەدا سیستەمی سەرمایەداری ئیسلامی بکات و دووهەمینیان کە قانوونمەندیەکانی سیستەمی سەرمایەداریی نەدەتوانی لە یاساکانی سەرەتایی ئیسلامی بگونجێنێ و بەرەبستی بکات ، هەموو هەول و کۆششی خۆی بە کرا خستبوو تاکو سیستەمی سەرمایەداری بە رەنگ و لەعابی ئیسلام برازینێتەوە و لە ژێر زەبری شۆرش رزگاری بکات .

پێکدادان لە ناو حاکمیەتی سیاسی هەر چەند یەکەمین نیشانەکانی خۆی لە ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی نیشاندا ، بەڵام دەوڵەتی کاتی کە لە ناخی دڵەوە خوازیاری " کۆماری " و " نە یەک ووشە زیاتر " بوو ، لە ژێر کاریگەری دەسەلات و هێزی پست بەستوو بە تەوەهوم و گومانی خەڵکی خومەینی و هەنگاوێک پاشەکشەی کرد و دروشمی " نە یەک ووشە کەم " ی خومەینیی واتە " کۆماری ئیسلامی " ی قبووڵ کرد . رەنگدانەوەی ئەم وەزعیەتە لە سەر رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک کە لە ژێر شمشێری دیموکلۆسی ئیسلام و کۆماری ، خۆیی چەک کردەبوو ، تەنیا دەتوانی ئەم هێزە سەرلێشواوە لە نێوان دوو سیاسەت موعەلەق بکات و بکاتەی هێزێکی بێ ئازار و بێ خەتەر . ئیلتقات لە نێوان لیبرالیسم و مەزهەب ، موجاهیدی لە وەزعیەتێکی زۆر موحافیزەکارانە دانابوو . دژایەتی لە نێوان باڵەکانی حاکمیەتی سیاسی ، رەنگدانەوەی خۆی لە ئیلتقاتی موجاهیدین ، بە ئاشکرایی نیشان ئەدا . مەجاهید هەم بەرەو لای خومەینی و هەم بەرەو لای بازرگان رادەکێشرا . دواکەوتوویی مەزهەبی خومەینی ، موجاهیدی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا و لیبرالیسمی بازرگان ئەوی بە لایەنگری لە خۆی دەعوەت دەکرد !موجاهید لە هەمان حاڵدا کە قسەی لە مەتلوبیەتی حکومەتی ئیسلامی خومەینی دەکرد ، لە هەمان حالیشدا خوازیاری ئەوە بوو کە دەسەلاتی بێ سنوور بدرێتە بازرگان . موجاهید دەیوت :

" دانی سەرجەم ئیمتیازەکانی ئیجرایی پیویست بە دەوڵەت و نەهێشتنی دەستێوەردانەکانی نابەجێ ، کە بووەتە هۆی بە وجود هاتنی دەوڵەکانی تر لە پاڵ دەوڵەتی ئاغای بازرگان " خواستی موجاهیدینی خەڵکە . ( لە راگەیاندراوی بزووتنەوەی میلی موجاهیدین - 28ی خاکەلێوەی 58 )موجاهید لە هەموو ئەم دەورانەدا هێندی جار لە نەعلی دەکوتا و هێندی جاریش لە بزمار . موجاهید لە هەموو ئەم دەورانەدا هەموو فیکر و زکری خۆی لە شۆرش و کۆمەڵانی خەڵکی شۆرشگێر خەلاس کردەبوو ، لەبەر ئەوەی کە لە فەزای شۆرشدا نە خەبەرێک لە ستەمکاری ئاریامهری بوو و نە لە ئیستعماری

ئیمپریالیستی ، گەورەیی شۆرش نە جێگایەک بوو خۆنواندن هێشتبوو و نە نیشانەیێک بۆ پیلانگێری ! موجاهید بەم هەمووە کۆمرای ئیسلامی وەک دلخوازی خۆی دەزانی و دەیوت :

" دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەر ووشەیێک پاش یان پێش ئەو کە بۆ بەیانی ئەو هاتە بێت ، سرووشتیە کە بۆ موجاهیدینی خەڵکی ئێران کە هەر لە سەرتاوە هەڵگری رەساڵەتێکی مەکتەبی بووە ، خۆبەخۆ کەماڵێکی مەتلوبە ." ( نەقڵ لە ڕای موجاهیدین سەبارەت بە ریفراندۆم و شێوەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی - 27ی ڕەشەمەی 57 )

لە گەڵ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی دڵخوازی موجاهیدین ، ئیدەکانی موجەرەد و خاڵی لە ناوەرۆکی چینایەتی خەباتی دژی سەڵتەنەتی و دژی ئیستعماری کە موجاهیدین ساڵەها لە گەڵیان ژیابوو ، وەک بڵقی بێ ڕەنگ لە ناو دەستی موجاهید لە ناو چوو و رۆحی پیرۆز و ئیلاهی خەباتگێر بەرەو ئاسمان فڕی. موجاهید کە خەباتی خۆی بە دژی ڕیژیمی سەڵتەنەت و بە دژی سوڵتەی ئیمپریالیزم لە سەر ئیدەکانی موجەرەدی ستەمکاری سیاسی بنیات نابوو ، هیچ کات نەبووە خاوەن تێگەیشتنێکی روون و دیاریکراو لە وەزعیەتی چینەکانی کۆمەڵایەتی کە بە حوکمی مێژوو لە تەقابولی ئاشکرا بوون لە گەڵ یەکتر .

موجاهیدین هۆکارەکانی عەینی ئەم ستەمکاری سیاسیە کە بە هۆی ئەوە کۆمەڵانی کرێکار ، جووتیار و توێژەکانی فەقیر و هەژاری کۆمەڵگا رەنج و ئازاریان دەکیشا ، نەیویست و نەیدەتوانی بگۆرن . هەروا بوو کە موجاهید بە یەکەمین گۆرانکاری پاش راپەرین و گواستنەوەی دەسەڵاتی حاکیم پیویستی بوونی خۆی وەک هێزێکی پشتیوانی زەحمەتکێشان لە دەس دا . و لە بەرانبەر هێرشی وەحشیانەی دژی شۆرش بە دژی کۆمەڵانی خەڵک بێ هەڵویست مایەوە . موجاهید بە تایبەت لەم دەورەیە تەمایولاتی دەروونی خۆی کە لە سەرەتاوە شتێک نەبوو جگە لە دیفاعی سەرسەختانە لە ریفۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ، ئاشکرا کرد .چالاکی سەرەکی ئەم دەورەیەی موجاهیین بریتی بوو لە کانوونەکانی فریاکەوتنی پزیشکی و خزمەتەکانی دارویی و دامەزراندنی مەرکەزەکانی فێرکردنی ئایەتەکانی قورئانی .

موجاهید پاش راپەرین " دەرفەتی " بۆ رەخسا بوو تاکو کردەوەکانی تیئوریکی ئەنجام نەدراوی دەورانی قەیرانی تەشکیلاتی سەرچاوەگرتوو لە جیابوونەوە تەواو بکات و بنیاتەکانی ئایدولۆژیکی درز هەڵگرتووی خۆی سەرلە نوێ نوژەن بکاتەوە .

بلاوکردنی تومارێک لە زنجیرە وتارەکانی ساڵی 58ی مەسعود رەجەوی سەبارەت بە تەبیینی جیهان بەرهەمی کتێبچە نووسی ئەم دەورەیە لە چالاکی سیاسی " موجاهیدینی خەڵکە . موجاهید ئەرک و رەساڵەتی خۆی لەمە دەبینی کە بە نیسبەت مەسەلەکانی فەوری شۆرش بێ هەڵویست بێت و هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ لابردنی شک و گۆمان بە نیسبەت تەوحید و مەعاد تەرخان بکات .

سەرەرای ئەم هەمووە ، موجاهید لەم دەورانەدا هێشتا پەیوەندی خزمایەتی خۆی لە گەڵ گەرایشاتی دیموکرات پاراستە بوو و حەق ئەدا بە هێرش کردن بۆ سەر ئورگانەکانی ستەمکاری پاشماوە لە دەورانی ئاریامهری کە هەروەها لە کۆمەڵگادا رەنگدانەوەی ئاشکرایان هەبوو . موجاهید هێشتا لە موجەرەداتی سیاسەتەکانی دژی ئیمپریالیستی خۆی شک و گۆمانی نەدەکرد . لە هەموو راگەیاندراوەکانی سیاسی موجاهیدین کە لەم مەودایە دەرکرا ، دروشمی مەرگ بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دامەزرێ ئەرتشی خەڵکی بە ئاشکرایی خۆ نیشان ئەدا . موجاهید خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەرتش و دامەزراندنی ئەرتشی خەڵکی بە جێگای ئەو بوو . ئەوان دەیانوت :" ئێستاکە ئیستبداد لە ناو چووە ، بەڵام تاکو هەڵ وەشاندنەوەی ئەرتشی دژی گەلی و دامەزراندنی ئەرتشی خەڵکی ، ئەم سەرکەوتنە لە مەترسی شکست و لەناو چوون پارێزراو نابێ . هەر بۆیە رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە گەڵ سەربازان و ئەفسەرانی شۆرشگێر لەم باوەرەدایە تاکو هەڵوەشاندنەوەی کاملی ئەرتش و دامەزراندنی ئەرتشی خەڵکی سەرکەوتن بە دەست نایەێت و هەموو دەمێک لە مەترسی لە ناوچووندایە ." ( نەقل لە راگەیاندراوی موجاهیدینی خەڵک - 2ی رەشەمەی 1357 )

موجاهید لەم ساڵانەدا سەرەرای ئەوەی کە لە کردەوەدا بێ کردەوە بوو ، بەڵام بە پێچەوانەوەی تەمایولاتی ئەمرۆی ئاغای رەجەوی کە لە بەرانبەر نوێنەرانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا گەرایش بە هەر جۆرە گۆرانکاری لە وەزعیەتی سیاسی - کۆمەڵایەتی بە ترسێکی بێ وینە رەت دەکاتەوە ، خۆی بە " لایەنگری سەرسەختی گۆرانکاریەکانی ئەساسی لە سیستەمی مەوجود " دەزانی . موجاهید لە ساڵی 58 دەیوت : " بە بێ گۆرانکاری ئەساسی لە تەواوەتی سیستەمی مەوجود ، ئیمپریالیزمی ئەمریکا هیچ پیویستیی بە کودیتای دژی شۆرشگێرانە و پیلانگێریەکانی ئاشکرای نیە . لە بەر ئەوەی کە بە بێ ئەم گۆرانکرایە شۆرشگێرانەیە و تەنانەت بە فەرزی ریفۆرمەکانی پر لە هەراو هوریایش ، تەواوەتی سیستەم بە شێوەیێکی ئەساسی و لە ناوەرۆکدا گرێدراو دەمینێتەوە ، هەرچەندیش کە ئیدیعای شۆرشگێر بوون و ئیسلامی بوونمان هەبێ . " ( نەقل لە پەیامی پیرۆزبایی موجاهیدین بۆ خەڵکی ئێران و ئیمام خومەینی بە بوونەی سەرکەوتنی ریفراندۆم و دامکەزرانی کۆماری ئیسلامی -26ی خاکەلێوەی 58 )

لەم قۆناخەدا موجاهید خەبات بە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکای بە یەکێک لە گرێنگترین ئەرکەکانی خۆی دەزانی . موجاهید بە پێچەوانەی ئەمرۆکەی خۆی کە بە وەرگرتنی پەیامی پیرۆزبایی سەرکردەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە پێستی خۆی ناگنجونجێ ، روو لە خەڵچکی ئێران بە شێوەیێکی ئاشکرا دەیوت : " رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بەو پەری خۆشحالی و شانازیەوە ئاگاداری مەحکومیەتی ئێران لە سنای ئەمریکا بووە . مەحکوم بوونێک کە بە پێشنیاری سناتورێکی ناسراو ، لە راستیدا دەنگ بە مەحکومیەتی خەڵک و شۆرشی ئێرانیان داوە ، دەبێ پیرۆزبایی لە خەڵکی قارەمان و رێبەری شۆرش بکەین و رێزی لێ بگرین لەبەر ئەوەی کە هیچ شت پر شانازیتر لە مەحکومیەتی خەڵک و شۆرشی ئێران لە لایەن ئیمپریالیستەکان و سەهیونیستەکانی جنایەتکار نیە " ( پەیامی پیرۆزبایی موجاهیدین بۆ خەڵکی ئێران و ئیمام خومەینی - 29ی گولانی 58 )تەجەلیاتی راستەقینەی ئارمانخوازیەکانی بێ ناوەرۆک و ئیدەکانی موجەرەد بە باشی دەتوانین لەم ماوەیە لە هێلە فیکریەکانی موجاهیدین ببینین . ئەو ئیدە موجەرەدانەی کە لە سیاسەتی سەرەوەی چینایەتی خۆیان هیچ کات ئیلتزامی عەمەلیان پەیدا نەکرد و نەیاندەتوانی پەیداش بکەن .

. موجاهدین له راگەیاندراوێکی سیاسی - نیزامی بە رێکەوتی 27ی رەشەمەی 1357 و هەروەها پەیامی 2ی رەشەمەی هەمان ساڵدا ، هێڵەکانی فیکری هەڵویستەکانی ئیستراتژیکی خۆی ئاوا رەسم دەکات :" هەڵویستەکانی ئیستراتژیکی رێکخراو و دروشمەکانی دژی ئیمپریالیستی ، دژی دیکتاتوری و دژی سەرمایەداری گرێدراو بە ئەو کە لە هەمان سەرەتای دەورانی تەداوک پەسەند کرابوون ، رەنگدانەوەی عەینی ئەساسیترین خواستەکانی خەڵکی ئێمە بووە . و ئێستاکە ئێمە سوورتر لە ڕابردوو بە لەبەرچاوگرتنی پەیمانی قورسی خۆمان کە لە گەڵ خوا و خەڵکمان بەستووە ، تاکو وشک کردنی ریشەکانی ئابووری - کۆمەڵایەتی و پولیسی - نیزامی ، سوڵتەی ئیمپریالیزم ، و پاشان تاکو وەدیهێنانی کۆمەڵگای بێ چینی تەوحیدی بە ئیرادەیێکی پتەو درێژە بە رێگای خۆمان ئەدەین . " ( پەیامی موجاهید - 2ی رەشەمەی 57 )

بەڵام لەم قۆناخە لە ژیانی موجاهیدیندا ئەم دروشمانە نە تەنیا هیچ کات وەدی نەهاتن ، بەڵکو لە زۆربەی مەوردەکاندا سوێندی وەفاداری بۆ خەڵک و خەباتی خەڵک پێشێل کرا و موجاهیدی بە شک و گۆمان و موحافیزەکار ، بە ئاشکرایی لایەنی کۆماری ئیسلامیی گرت .

لە هەموو ئەم ماوەیە کە خەڵکانی ژێر ستەمی ئێران بە دژی جنایەتەکان و سیاسەتەکانی دواکەوتووانە و سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی خەباتیان دەکرد و قارەمانانە شەڕیان دەکرد ، موجاهیدین نە تەنیا ئەم خەباتانەی وەک دەسیسەکانی ئیمپریالیستی مەحکوم دەکرد ، بەڵکو چەندین جاریش ویستی بە فەرمانی خومەینی لە بەرانبەریان شەڕ بکات . ئەوان لە دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی خەڵکەکان لە نامەیێکی ئاواڵەدا بۆ خومەینی نووسیان : " لە بەر ئەوەی کە ئێستا بڵاوبوونی هەواڵەکان و وینەکانی تاڵی کوردستان لە سەرانسەری جیهان دەچێ تاکو لە ژێر کاریگەری تەبلیغاتی دوژمناندا ، کوڵەکەکانی مەشروعیەتی شۆڕشی ئێران لە لای بیروبۆچوونی نێودەوڵەتی سست و لاواز بکات ، بریارمان دا بەم شیوەیە لە هێڵەکانی خەباتی ئیسلامی و دژی ئیستعماری هەر وەک جاران بەرگری لە شۆڕش و رێبەری ئەو بکەین و وێرای مەحکوم کردنی هەموو دەستەکانی شەڕ خواز و ئێران سووتینەر ، چ دەستی راستی و چ ئەو چەپ ڕەوانەی کە بیانەوێ خاڵی لە بەرپرسایەتی رزگاریدەری دژی ئیستعماری سەرانسەری وڵات پەرە بە دژایەتیەکانی لاوەکی بدەن . . . "

موجاهید هەوەها دەیوت :

" بە راستیش ئەگەر پیلانگێریەکانی ئیمپریالیزم ببێتە بڵقی سەر ئاو ، شۆڕشی ئێران و ئیعتباری نێودەوڵەتی و میللی رێبەری ئەو قایم بێتەوە ، ئێمە هەموو تومەت و فشارەکان قبووڵ دەکەین .

" بە راستی چ سوودێکی هەیە کە ئێمە هەڵخوازانە و بەدوای مەسلەحەتی خۆمان گۆشەگیری بکەین و بهێلین سیمای ئەم شۆڕشە و رێبەری ئەو مەخدوش بێت و لە گۆشە و کەناری جیهان لە گەڵ هیتلەر موقایسە بکرێ ؟ بەڵێ ! ئێمە ئاوا نین کە وەک هێندێک چەپ رەوەکان و ئەو گروپە لە مودەعیانی ئینحساری و رزگاری چینی کرێکار ( کە ئێمەی موجاهید بە سازشکاری موتەهەم دەکەن ) لە دیاریکردنی سنوورەکان و دەرەجەکانی یەکگرتن و ناکۆکی خۆیان و کەسانی تر عاجیزن و بە هەڵویست وەرگرتنی بە هەڵە و چەپ رەوانە ، بە قازانجی ئیمپریالیستەکان پەرە بدەینە دووبەرەکیەکان و دژایەتیەکان ( تا رادەیەک وەک ئەوەی زەمانێک لە بەرانبەر موسەدق دەکرا ) و لە بیری بکەین کە لە هەر قۆناخ و کات و جێگایەک چۆن و بە چ سەرنجێکی خەڵکی ، دەبێ لە گەڵ مەسەڵەکان و مەوردەکان بەرخورد بکەین . " ( نامەی موجاهیدین بۆ خومەینی لە بارەی کوردستان - 23ی رەزبەری 58 )

موجاهیدین تەنانەت ئەوەیان نەشاردەوە کە بە ئاشکرایی خەباتەکانی خەڵکی تورکمەن کە بە رێبەری رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران بە دژی پاشماوەکانی خاوەن زەویەکانی ئاریامهری و پشتیوانانی دەوڵەتی کاتی و کۆماری ئیسلامیان خەریکی شەڕێکی قارەمانانە بوون ، بە پیلانگێری ئیمپریالیستی ناو ببات . ئەوان هوشداریان دا بە رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران کە بە بێ درەنگ کردن دەس لە پشتیوانی خەڵکی تورکمەن هەڵگرن و هەر جۆرە بەشداریەک لە خەباتەکانی خەڵکی تورکمەن تەکزیب بکەن . ئەوان لە نامەیێک بۆ رێکخراوی ئێمە نووسیان کە :

" دوژمنی ئیستعمارگەر بە پاڵپشتی پێگەکانی رووخاوی دژی شۆڕش و دواکەوتووی خۆی و بە پاڵپشتی کۆمەڵێکی زۆر لە بەکرێگیراوانی سیا و ساواک کە ئامادە راوەستاون و هەروا کە پێشتریش هوشدارمان دا ، بۆ ساتێک لە پیلانگیری غافل نابن بە تایبەت کە لە سەرتای رووداوی گونبەد ئاگامان لە کۆبوونەوەکانی شاراوە و نهێنی شای پێشوو لە گەڵ 30 کەس لە بەکرێگیراوانی جنایەتکاری خۆی لە لەندەن بوو ، کۆبوونەوەیێک کە بێ گۆمان لە پەیوەندی لە گەڵ ئاژاوەکانی ناوخۆیی ئێران و بە تایبەت گونبەد بوو . " ( نەقل لە هوشداری موجاهیدین بە چریکەکانی فیدایی گەل - 19ی خاکەلێوەی 58 )

" هاندانەکانی دوژمنانە و قەهر ئامیز لە زەمینەی مەسەلەکانی نەتەوەیی و ناوچەیی تایبەت بە ئێران کە بە ئالۆزکردنی هەچی زیاتری مەسەلەکان رێگای چارەسەری ئاشتیانە و شۆڕشگێرانەی ئەوان سەختتر دەکات و حەتمی بەیانی نورەی خوزستان و بەلوچستان و هتدە . . . بە راستی دوژمنانی شۆڕشی ئێران بەم ئاسانیە واز ناهێنن ." ( نەقل لە هوشداری . . . )

موجاهید هەروا ئەڵێ : ئەوەی کە پەیوەندیی هەیە بە چریکەکانی فیدایسی گەلەوە ، شەڕ و شێوەی دەستێوەردانی نابەجێی ئەوانە لە ناوچەکە کە بێ گۆمان بە هۆی ئاکامەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی مەوجود و بە کۆرتی لەبەرچاونەگرتنی داوی لە پێش ڕاخراوی ئیمپریالیستەکان و دواکەوتووانی ناوچەئیە . سرووشتیە کە گرفتار بوون لەم داوە ناتوانێ سوودێکی بە حاڵی شۆڕش هەبێ ." ( نەقل لە هەمان هوشدار . . . )

موجاهیدین پیچی لەمەیش درێژتر کردووە و خەباتی حەق خوازانەی خەڵکانی ئێران بە دەسیسەی ئەمریکا ناو دەبات و ئەڵێ :

" بە پێ راپورتەکانی گەیشتوو لە خوزستان و بەلوچستانیش رووداوی وەک کوردستان و گونبەد لە حاڵی روودانەوەیە . هەروا کە هەر رۆژ روونتر دەبێتەوە ، ئیستعماری نێودەوڵەتی بە سەرکردەگی ئیمپریالیزمی بریندار ئەمریکا ، بە پاڵپشتی بەکرێگیراوانی دواکەوتووی ناوخۆیی و کۆمەڵێکی زۆر لە بەکرێگیراوانی سیا ، ساتێک لە پیلانگێری بە دژی شۆڕشی ئێران راناوەستن ." ( نەقل لە پێشنیاری موجاهیدین لە بارەی چارەسەری

یەکجاری مەسەڵەی گونبەد و پێشگرتن لە رووداوەکانی داهاتووی خوزستان و بەلوچستان – 21ی خاکەلێوەی 58 )

دژایەتی ئاشکرا لە نێوان هەڵویستەکانی موجاهیدینی خەڵک لەم سالانەدا ، رەنگدانەوەی هەموو نەوسانات و تەزەلزولاتی موجاهیدینی خەڵک لە مەودای ئەم دورەیە و بەیانی ئیلتقاتی فیکری ئەم جەریانە سیاسیەیە .

بۆ موجاهیدین مەفهومی خەباتی سیاسی شتێک نیە جگە لە پیلانگێری سیاسی . موجاهیدین لە ماوەی ژیانی دەوڵەتی کاتی ، سەرەرای ئەوەی کە زۆر جار لە پیویستی گۆرانکاریەکانی ئابووری – سیاسی قسەیان دەکرد ، بەڵام هیچ کات لە باری سیاسی لە پیویستیەکانی ئەم گۆرانکاریانە تێنەگەیشتن و نەیانتوانی لێ تێبگەن . لە بەر ئەوەی کە موجاهیدین لە ستەمکاری ئاریامهری تەنیا زەوتی ماڵکیەت لە بەرهەم هێنەرانی بچووکیان دەبینی و لێ تووڕە بوون .

ئەوان لە هەموو ئەم دورانەدا بە کردەوە بە چاوی گۆمان و وەک پیلانگێری بە دژی کۆماری ئیسلامی دڵخوازی خۆیان چاو لە خەباتی شۆرشگێرانەی پرولیتاریا ، جووتیاران و خەڵکانی قارەمانی ئێران کە لە دوورکەوتووترین لادێەکان تاکو پێشکەوتووترین کارخانەکانی سەنعەتی لە ئارادا بوو ، دەکردن .

بە کورتی ئەم قۆناخە دەتوانین بە پێش هاتی تێپەرینی موجاهیدینی خەڵک بەرەو لای لیبرالیسم بزانین بەم واتایە کە موجاهیدینی خەڵک قۆناخی یەکەمی ژیانی دووبارەی خۆی لە پاش رووخانی رێژیمی سەڵتەنەت ، لە هەلومەرجێک دەسپێکرد کە لە ستەمکاری ئاریامهری شتێک لە ناو فیکری ئەوان نەمابوو . موجاهید لەم دورانەدا هەست بە هیچ ئەرک و رەساڵەتێک نەدەکرد ، نە لە بواری رێبەری سیاسی کۆمەلانی وردە بورژوازی و نە لە حەوزەی کار و چالاکی خەباتی چینایەتی و پەرەپێدانی خەباتی کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانی دیموکراتی ئەوان . ئەوەی کە بە رای موجاهید لە گەڵ رووخانی شای لە ناوچوو لە کار دەرهاتبوو ، تەنیا سەڵتەنەتی پەهلەوی نەبوو ، بەڵکو بێ مافی گشتی کۆمەلانی خەڵکی ستەم لێکراو بوو کە لە جەریانی شەرێکی درێژخایەن لە دورانی مەشروتیەت بەدواوە وەدی نەهاتبوو . موجاهید وایدەزانی لە کۆماری ئیسلامی دڵخوازی ئەو و " بە شوکرانەی رێبەری بوێرانەی ئیمام خومەینی خۆی و لە فەیزی زەعیمی ئەو حەزرەتە " موستەزعەفینی جیهان دەگەنە " مەشروتەی " خۆیان و هەموو مافە زەوت کراوەکانیان وەردەگرنەوە . رەنگدانەوەی ئیمانی پتەوی موجاهیدین بە خومەینی و کۆماری

**دژایەتی ئاشکرا لە نێوان هەڵویستەکانی موجاهیدینی خەڵک لەم سالانەدا ، رەنگدانەوەی هەموو نەوەسانات و تەزەلزولاتی موجاهیدینی خەڵک لە مەودای ئەم دورەیە و بەیانی ئیلتقاتی فیکری ئەم جەریانە سیاسیەیە .**

ئیسلامیان لە یەکەمین پەیامی ئەوان بۆ خومەینی خۆی نیشان ئەدات . ئەوان لە یەکەمین پەیامی خۆیان بۆ خومەینی ئاوا نووسیان :" مەدزەری موبارەکی موجاهیدی گەورە حەزرەتی ئایەتوللا ئەلعوزما خومەینی – بزووتنەوەی گەورە و شکۆداری خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران کە لە فەیزی رێبەری ئەو حەزرەتە بەهرەمەندە ، لە مەسیری پێشکەوتن و بوژانەوەی زیاتری خۆیدا ، دەسکەوت و سەرکەوتنی سەرنج راکیشی بە دەس هێناوە . . . بۆیە ئێمە ئازادی خۆمان مەدیونی موجاهیدەت و لە خۆبردوویی خەڵکی جەنگاوەر و ستەم لێکراوی ئێران لە ژێر تەعسیری ئیلهاماتی ئێوە زەعیمی بە ئیرادە و سازش هەڵنەگرین . هەر بۆیە ، رولەکانی موجاهیدی ئێوە لە سەرەتای ئازادی لە زیندان ، ویراون و ئەم ئیجازەیان بە خۆ داوە کە وێرای رێز و سلاو بە حزوری ئەو باوکە موجاهیدە گەورەیە ، ئامادەباشی خۆیان بۆ لەخۆبردوویی لە رێگای ئارمانەکانی تەوحیدی مەکتەبی شۆرشگێرانەی ئیسلام کە ئایدولۆژی " موجاهیدینی خەڵکی ئێران "ە پێشکەشی ئەو گەورەیە بکەن . ئێستا کە خەڵکی قارەمانی ئێمە بە موجاهیدەتەکانی زۆر توانیانە لە ژێر رێبەری ئەو حەزرەتە ، کوشکی عەنکەبوتی و سست بنیادی دیکتاتوری برووخێنن و دەرهاتنی خۆری پرلە شکۆی ئازادی ببینن ، هیوادارین بەلینەکانی ئیلاهی وەدی بێت .

هیوادارین کە خەڵک و شۆرشی ئێران و چینەکانی رەنجدەر و مەحرومی کۆمەڵگا کە خوداوەند لە قورئانی کەریمدا بە ناوی موستەزعەفین بەلینی سەرکەوتنی یەکجاریان پێداوە ، هەمیشە ئەم سەعادەتەیان هەبێ کە ئەو وجودە پیرۆزە رێبەریان بکات و لە ئیلهامات و رێنمائیەکانی ئێوە بەهرەمەند بن ، لەبەر ئەوەی کە سیرەی هەموو ئەنبیا و ئەولیای مەکتەبی یەکتاپەرستی ، بوت شکێنی و خەبات بە دژی هەموو رێگرەکانی بەردەم رێگای عەدڵ و داد ، شێوە و شێوازی کۆنی ئەو حەزرەتە بووە ." ( مەسعود رەجەوی – موسی خیابانی – 1ی رێبەندانی 1357 )

خومەینی کە لە راستیدا بە دانی دروشمی " شا دەبی بچێ " ، دروشمی سەرەکی موجاهیدینی لێیان زەوت کردەبوو ، لەم دورەیەیش بە بەرزکردنی دروشمی " کۆماری " و " ئیسلام " و " موستەزعەفین " ، ئەوانەی بە تەواوی چەک دەکرد .موجاهید کە تا ئەم کاتە لە رویای شۆرشێکی تەوحیدی بوو ، لە سەر ئەم باوەرە سوور بوو کە کۆماری و ئیسلامی خومەینی دەتوانێ کۆمەڵگای بێ چینی تەوحیدی ئیدەئالی ئەو دامەزرێنێ . ئامرازی سەرکوتگەری وەدی هێنانی ئەم سیستەمەیش نە ئەرتشی بورژوازی ، بەڵکو هێزی چەکداری حیزبوللا بوو کە وەفاداری خۆی بە ئیسلام و رێبەری ئیسلامی لە جەریانی راپەرین و پێش لەویش سەلماندبوو : سوپای پاسدارانی ئیسلام !موجاهید بۆ ئەم هێزە موتەعەسبە تازە پێیە کە دەبوایە سیستەمی سەرمایەداری لە ژێر زەبری

کوشندەی شۆرش بپارێزێ ، هەمیشە دڵی لێدەدا . موجاهید بە مەبەستی هاوئاهەنگ بوون لە گەڵ دەزگای سەرکوتی ئیسلامی ، هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بە کار خستبوو تاکو عەمەلیاتی سەرکوتگەرانەی سوپای پاسدارانی ئیسلام لە کوردستان و گونبەد ، لە خوزستان و بەلوچستان وەک کردەوەیکی قارەمانانە نیشان بدات ! موجاهید دەڵێ :

" ئایا پاسدارانی شۆرشی ئێمە بە تەواوی خەتاکار و نادروستن ؟ ئایا ئەو جوانمێرانەی کە سینگی خۆیان بە رۆژ و شەو دەکەنە سپەری بەڵا و رۆژێک نیە کە بە تیری بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و پاشماوەکانی ساواک کەسێکیان شەهید نەکرێ ، پشتیان کردووتە ماف و ئازادیەکانی خەڵک ؟ نەخێر ! بەشێکی گەورە و هەرە زۆری ئەمانە لە شەریفترین و پاکباختەترین لاوەکانی ئەم وڵاتەن . لاوانی غەیرەتی و بە ئیمان کە هیچ لەکەیێک بەوان نالکێت . " ( موجاهیدینی خەڵکی ئێران - 26ی خاکەلێوەی 58 )

رێژیمی سەڵتەنەت تێک شکابوو ، بەڵام کۆمەڵگا هێشتا نەبووە خاوەن ناوەرۆکێکی نوێ . حاکمیەتی تازە قورئانەکانی کردەبووە سەر نەیزەکان و کۆنترین و دواکەوتووترین شێوازەکانی سەرکوت بۆ راگرتنی شۆرش بەکار دەهێنا . شۆرش لە ناو شەپۆلی تووندەوە بەرەو پێش دەچوو و هەر رۆژ زیاتر پەرەی ئەستاند . کرێکارانی شۆرشگێر و کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش سینگ بە سینگ و روو لە رووی دژی شۆرشی حاکیم کە بە ئەرتشی نوژەن کراو و سوپای پاسدارانی ئیسلامییەوە هیمەتی کردەبوو بە شێوەیکی خوێناوی سەرکوتیان بکات ، قارەمانانە راوەستابوون و شۆرشیان بەرەو پێش دەبرد . موجاهید لە هەلومەرجێک کە خەباتی چینایەتی لە تووندترین و سەختترین قۆناخی خۆیدا بوو ، هەموو هەوڵ و تەقەلای بە کار هێنابوو تاکو جێگای خۆی لە ناو دەزگای خەلافەتی خومەینی بکاتەوە . موجاهید ئەوەندەی کە لە خوارەوە بێ کردەوە بوو لە عەوەزدا لە سەرەوە لە بیری سات و سەودا و نفوز لە " مەعرەکەی " وڵایەتی فەقیح خومەینی بوو . موجاهید بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بە ئاشکرایی بۆ خومەینی کە لەم قۆناخەدا بە سەرکەوتوویی مەقامی ئیمامەتی موجاهیدینی بە دەس هێنابوو ، نووسی :

" باوکی گەورە ئایا شۆرشی ئێمە کە ئێوە رێبەریی دەکەن ، نایەوێ هیچ جۆرە تەعبیرێک لە وەزعیەت و چۆنیەتی چالاکی موجاهیدینی خەڵک لە گەڵدا بێت ؟ . . . باوکی بەرێز ، ئەگەر ئاوا نیە ئەی بۆ چی هێشتا وەک جاران . . . ئەفراد و لایەنگرانی ئێمە لە زۆربەی دامودەزگاکان بە بیانوی جۆراوجۆر لە سەر کار دەریان دەکەن ؟ ئایا بەرپرسانی ئەم جۆرە هەڵویستانە ، ئێمە وەک جاران بە تەواوەتی و لە بنیاد و ئوسولەوە لە تەعاروز بینیون ؟ ( نامەی ئاواڵە بۆ حەزرەتی ئایەتوللا ئەلعوزما ئیمام خومەینی - موجاهیدینی خەڵکی ئێران - 15ی پووشپەری 1358 )بەڵام راستی ئەمە بوو کە موجاهید لەم دەورەیە هێشتا لە تەعاروزی عەمەلی و فیکری لە گەڵ ئوسول و سیستەمی دڵخوازی خومەینی بوو . موجاهید وەک نوێنەری وردە بورژوازی ئێران هێشتا لە لایێکەوە رەمز و رازی وڵاتداریی فێر نەبوو و لە رازی ئەرتشی سەرکوتگەری بورژوازی کە لە راستیدا رۆلی سەرەکی و ئەساسی لە نوژەنکردن و پاراستنی ئەم سیستەمەی بە ئەستو بوو ، تێنەگەیشتبوو . موجاهید لە هەلومەرجێک کە ئەرتش گرینگترین ئامرازی بە کرا هێنانی هێز و هۆکاری سەرکوتی خەڵکانی قارەمانی ئێران واتە خەڵکی تورکمەن و کوردستان بوو ، بە تەبلیغات بە دژی ئەرتش ، خلەلی دەخستە ناو دەزگای سەرکوتی بورژوازی و بە جیددی بوونی لە سەر لە ناو بردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەرتش ، بەردی دەخستە پێش پێی خۆی ئەویش لەو کاتەی کە خەریک بوو لە کۆماری ئیسلامی نزیک دەبوو .

موجاهید لە لایێکی ترەوە لە بواری ئایدولۆژیکیشەوە هێشتا لە تێگەیشتنی شرکی پاک نەکرا بوو و وەفاداری خۆی بە ئیسلام نەسەڵماندە بوو . موجاهید سەرەرای ئەوەی کە لە تەواو دەورانی پر لە جۆش و خرۆشی شۆرشدا " دەرفەت " ی بە باش زانیبوو تاکو شک و گومان لە نێوان تەوحید و نەبوەت رێک و پێک بکات ، بەڵام هەرگیز نەیتوانی داوێنی خۆی لەو تاوان و گوناهەی کە کردە بووی ن رزگار بکات . موجاهید بۆ نزیک بوونەوە بە خومەینی تەنانەت شەرمی نەدەکرد لەوەی کە شک و گومان بکاتە ئوسولی رابردووی خۆی و سنوور بەندی لە نێوان " ئیسلامی راستەقینە و ئیسلامی شرکی " خۆی بناسێنێ . موجاهید لە سەرتای ژیانی بە پێچەوانەی فەرمانی خوداوەند ، دەنگی گەنمی لە بەهەشت هەڵگرتبوو و " لەعن و نفرینی خوای " بۆ خۆی کری بوو . بەیانی چینایەتی ئەم گوناهە بۆ خومەینی ، نزیکی موجاهیدین بە سوسیالیزم و دووری کردنی ئەوان لە سەرمایەداریی دەسەڵماند . موجاهید سەرەرای پشت کردن بە رابردووی خۆی هێشتا نەیتوانی بوو متمانەی سەرمایەداری بۆ خۆی بە دەس بهێنی . سەرەرای ئەمەی کە کۆماری ئیسلامی دڵخوازی موجاهیدین بوو ، بەڵام کۆماری خومەینی ، موجاهیدینی بە دڵخوازی خۆی نەدەزانی . ئەوەندەی کە موجاهید پێویستیی بە پشتیوانی خومەینی بوو تاکو بچێتە ناو " مەعرەکەی " کۆماری ئیسلامی ، خومەینیش بۆ بە دەس هێنانی پشتیوانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم پێویستیی هەبوو بە دووری کردن لە موجاهیدین . بۆیە موجاهید لە دەزگای وەلی فەقیحدا لە پشت مەعرەکە مایەوە و نەیتوانی نەمینێتەوە . موجاهید کە هیوای بە نزیکی بە باڵی خومەینی بە تەواوی لە دەس دابوو ، لە هەمان نامە بۆ ئاخیرین جار بە خومەینی هوشداری دا :

" باوکی گەورە ! ئایا لەم حاڵەدا مێژوو و کۆمەڵگا چۆن قەزاوەت دەکەن و ئایا لە مێژوودا نانووسن کە تا ئەو کاتەی خەبات بە دژی رێژیمی تاغووتی و زیندانی و ئەشکنجە و شەهادەت بوو موجاهیدین لە هەمووو شوێنێک ئازیز و بەرێز بوون بەڵام لە کاتی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە پشتەوەی مەعرەکە ؟" ( هەمان نامەی موجاهیدینی خەڵک - 15ی پووشپەری 1358 )

لە گەڵ تووندتر بوونی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی حاکمیەت کە لە سەر چۆنیەتی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی خەڵکی و بە تایبەت بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد ، لە نێوان دارودەستەی خومەینی و دەوڵەتی بازرگان ئاشکراتر بوو ، موجاهیدینیش تێگەیشتن کە لە گەڵ بەهێزتر بوونی هەرچی زیاتری رێبەری بەرێزیان ئیمام خومەینی ، مەوقعیەتی خۆیان زۆرتر تووشی مەترسی دەبێتەوە . موجاهید بۆی دەرکەوتبوو کە لە کۆماری موجاهید بەرە بەرە و بە ئیحتیاتەوە ، دروشمەکانی دژی " پاوانخوازی " و " سلاو بۆ ئازادی " ی لە راگەیاندراوەکانی خۆی نووسی ، نامەکانی گلەیی بۆ خومەینی لە دەستووری کاری خۆی

دانا و پشتیوانی خۆی لە دەوڵەتی بازرگان لە بەرانبەر جەریانی بە قەولی خۆی راستگەرا و دواکەوتوو ئاشکرا کرد . موجاهید گلەیی دەکرد :

"لە حاڵێکدا ریفۆرمیسم و سازشکاری بە ناوەرۆکی دواکەوتوویان تێدەکۆشن تاکو شۆرش و دەسکەوتەکانی شۆرشگێرانە بێ تەعسیر و شۆرشگێران مەجبوور بە تەرکی مەیدان بکەن . . . راستگەرایان و دواکەوتووان تەرجیح دەدەن کە کەسی موەحیدی موجاهید دەمی دابخات و مەیدان بە تەواوی بۆ ئەوان چۆڵ بکات ." ( رووناکردنەوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە بارەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی پێداچوونەوەی قانوونی ئەساسی - 31ی پووشپەری 1358 )

موجاهید هەروەها لە جێگایێکی تر دەڵێ :

" لەو جێگایە کە جیاوازی دەوڵەتی ئێستا لە گەڵ سیستەمی پێشوو پیویستیی بە شیکردنەوە نیە ، ئێمە بە ئەرکی خۆمان دەزانین زیاتر لە سەر لایەنەکانی یەکگرتنی دژی ئیمپریالیستی تەعکید بکەین و لەم پەیوەندیە تا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەبێ هەڵویستی بەکردەوەمان هەبێ . . ."

" ئێمە هەروەها وێرای مەحکوم کردنی هەرجۆرە ئاژاوەنان و نائارامی و هەرجۆرە هێرش بۆ سەر ئازادیە سیاسیەکان و هەرجۆرە لاواز کردنی دەوڵەت لەم رێگایەدا ، بەو کەسانەی کە خەریکی ئەم چەشنە کردەوانەن ، رادەگەیێنین کە ئەگەر خۆیان دژی شۆرش نەبن ئەم چەشنە کارەی ئەوان خزمەتە بە دژی شۆرش ." ( موجاهیدینی خەڵکی ئێران - 23ی گەلاوێژی 1358 )

تەوەهوماتی کۆمەڵانی خەڵک بە نیسبەت رێژیمی خومەینی لە گەڵ پەرەساندنی شۆرش بە خێرایی لە ناو دەچوو و جێگای خۆی لە گەڵ تێگەیشتنی گشتی بە نیسبەت سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی کۆمرای ئیسلامی دەگۆری . دواکەوتوویی بووە سومبولی تەواو عەیاری حکومەت و سیمای راستەقینەی رێژیمی بە تەواوی ئاشکرا دەکرد .

دەوڵەتی کاتی هێشتا نەرووخا بوو کو موجاهید دروشمی موجەرەدی " دژی دواکەوتوویی "ی کردە دروشمی سەرەکی خۆی . دواکەوتوویی بە بێ ناوەرۆکی چینایەتی ئەو !

موجاهید لەم قۆناخەدا ئەوەندە قسەی لە ئازادی دەکرد کە بە دژی دواکەوتوویی هەستابوو . تەمایولاتی چینایەتی وردە بورژوازی جارێکی تر جێگەی سیاسی خۆی دۆزیەوە . موجاهید جارێکی تر سیاسەتەکانی بەکردەوەی خۆی پەیرەو کرد . دروشمی موجەرەدی " بە دژی ستەمکاری ئاریامهری " گۆری بە دروشمی موجەرەدی " بە دژی دواکەوتوویی " .

ئەگەر لە کاتی رووخانی سەڵتەنەت تاکو رووخانی دەوڵەتی بازرگان واتە قۆناخی رێبەرایەتی ئەکسەریەت کە بەشێک لە هێزی پرولیتری و تەشکیلاتی کرێکاریی بەلاڕێ برد ، بۆشاییی کاتی لە رێبەری پرولیتری بزووتنەوە ، بەشێکی تر لە هێزەکانی وردە بورژوازی رادیکاڵ و تەنانەت بەشێک لە کۆمەڵانی کرێکاری موتەوەهەم بەرەو لای دروشمی " مەرگ بۆ دواکەوتوویی " موجاهید چوون .موجاهید جارێکی تر بووە هێزێکی گەورە و کە لە باری نفووزی خەڵکیەوە تا رادەیەکی زۆر سەرنج راکێش بوو . لە هەمان حاڵدا هەم دروشمی " دژی دواکەوتوویی " و هەم دروشمی ئازادیخوازی ئەو ، هیچ کامیان جگە لە ناوەرۆکی بە تەواوی بورژوایی ، هەڵگری هیچ پەیامێکی تر نەبوو . ئەوەی کە موجاهیدین لەم قۆناخەدا بەرەو لای چوو بوون ، لیبرالیسمی بورژوایی موبتەزەلێک بوو

**تەوەهوماتی کۆمەڵانی خەڵک بە نیسبەت رێژیمی خومەینی لە گەڵ پەرەساندنی شۆرش بە خێرایی لە ناو دەچوو و جێگای خۆی لە گەڵ تێگەیشتنی گشتی بە نیسبەت سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی کۆمرای ئیسلامی دەگۆری . دواکەوتوویی بووە سومبولی تەواو عەیاری حکومەت و سیمای راستەقینەی رێژیمی بە تەواوی ئاشکرا دەکرد .**

بەرزکردنی دروشمی " بە دژی دواکەوتوویی " ، بۆ موجاهید دەورانی فترەت ، سەرلێشێواوی و بێ کردەوەیی بوو ، لەم قۆناخەدا جارێکی تر چالاکیەکانی تووندتر کرد و بووە هۆی ئەوەی کە کار و چالاکیەکانی موجاهیدین ببێتە خاوەن لایەنێکی روون و دیاریکراو . بەڵام دواکەوتوویی موجەرەد و بە بێ ناوەرۆکی چینایەتی موجاهید لێرەدا کۆتایی ی پێ نەهات . بەشێکی گەورە لە توێژەکانی مورەفەی وردە بورژوازی و بورژوازی لیبراڵی ئێرانیش دواکەوتوویی وەلایەتی فەقیحیان لە دژایەتی لە گەڵ قازانەکانی خۆیان دەبینی و بۆ لابردنی ئەو لە مەیدانی دەسەڵات تێدەکۆشان .

موجاهید بە تەرحی گشتی دروشمی " بە دژی دواکەوتوویی نزیکی خۆی بەم بەشە ئاشکراتر و خێراتر کرد . هاوکات لە جیابوونەوە لە رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران و پەیرەو کردنی سیاسەتەکانی خائینانە و ئۆپۆرتۆنیستی لە لایەن زەوتکردنی مافەکانی دیموکراتیک لە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش مەرجی ئەساسی ئەو بە حساب دەهات . موجاهید ئالاهەڵگری ئازادی بورژوایی بوو کە لە ژێر دروشمی " دواکەوتوویی دوژمنی تاکتیکی ئێمەیە و بورژوازی دوژمنی ئیستراتژیک " ، سیمای راستەقینەی خۆیی دەشاردەوە .

بۆ موجاهید دواکەوتوویی نە سەرمایەداری وەک هۆکاری سەرەکی و ئەسلی هەژاری و رۆژ رەشی کۆمەڵانی خەڵک ، بەڵکو مەترسەکێکی خەیاڵی دەهاتە پێش چاو کە جارێک لە شکل و شەمایلی سەڵتەنەت و جارێکی تر لە جسمی خومەینی و وەلایەتی فەقیحی ئەو گیانی گرتبوو . موجاهید بۆ خەبات لە گەڵ ئەم هەیولایە ، دەبوایە خۆی بە فریشتەی خوای رەحمەت و رزگاریدەری جیهان بناسینێ .

# بزووتنەوەی ڕزگاریدەری میللی

خەڵکانێک لە جیهاندا دەژین کە هێشتا سەربەخۆیی سیتاسی خۆیان بە دەس نەهێناون و زۆر خەڵکانی‌تر هەن کە لە سەربەخۆیی ئابووری بێ‌بەشن و مەسەڵەی ئەسڵی کۆمەڵگای ئەوان لە ناوبردنی نفوزی ئیمقریالیزم و سوڵتە و سەیتەرەی پاوانخوازیەکانی بێگانە و رووخاندنی دەسەلاتدارانی بەکرێگیراو و ئاڵقە لە گوێی ئیمپریالیستەکانە . لە هەمووی ئەم ولاتانەیە کە بزووتنەوەی مەزن و پڕ لە جم و جوڵی ڕزگاریدەری میللی واتە یەکێک لە دوو ڕەوتی سەرەکی دژی ئیمپریالیستی دەورانی هاوچەرخ خەریکی پەیکارە . خەباتی نەتەوەیەک کە بۆ ئازادی خۆی ڕاپەریوە , خەباتێکی علدلانە و ڕەوایە و لە ڕەوتی ئەم خەباتەدا لە هەر ئامرازێک کە خۆی بە باشی بزانی دەتوانێ بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی کەڵک وەربگرێ . هاوپشتی و کردەوەی هاوبەشی بزووتنەوەی ڕزگاریدەری میللی و بزووتنەوەی کرێکاری ولاتانی سەرمایەداری ا دوو هێزی سەرەکی شۆرشگێرانەی ئەم سەردەمە ا باشترین هەل و مەرجەکان بۆ ڕاگرتنی ئیمپریالیستەکان و سەرکەوتنی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی خوازانە و ئازادیخوازانەی میللی فەراهەم دەکات .

شەڕ

شەڕ یانی خەباتی چەکدارانە لە نێوان ولاتان یان لە نێوان چینەکان کە بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئامانجەکانی سیاسی و ئابووری روو دەدات . شەڕ دیاردەیکی کۆمەلایەتی مێژووئیە , یانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشە کردنی مێژوویی سەرهەڵدەدات و پەیوەندیی هەیە بە هەل و مەرجەکانی کاتی ژیانی کۆمەلایەتیە و لە قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشە کردنی مێژوویی لە ژیانی مرۆڤایەتی لا دەچێ . شەڕ هەمان درێژەی سیاسەتە بەلام لە شێوازێکی‌تر . لە بواری مێژوویی پێویستی دامەزرانی یەکەمین دەستەکانی چەکدار یان ئەرتش هاوکات لە گەڵ پێکهاتنی خاوەن مڵکایەتی تاکەکەسی و پێکهاتنی چینەکان و دەوڵەت سەری هەڵدا و لەو کاتەوە لە کۆمەڵگاکانی دابەشکراو بە سەر چینەکان , شەڕ بە شێوەیێکی گشتی بووەتە ئامرازێک بۆ پتەو کردن و قایم کردنی دەسەلاتی چینەکانی چەوسێنەر و داگیرکردنی ولاتانی‌تر و زاڵ بوون بە سەر خەڵکانی‌تر .

لەم دەورەیەدا سەرچاوەی ئەساسی شەڕەکان سیستەمی سەرمایەداری و دژایەتیەکانی ئەوە کە لە قۆناغی ئیمپریالیزم دەگاتە ئەو پەری خۆی . لینین لە سەر ئەساسی شی کردنەوە و لێکدانەوەی مێژوویی شەڕەکان و بە تایبەت شەڕەکانی سەردەمی ئیمپریالیزم , شەڕەکان بە شێوەیێکی زانستی دەستەبەندی کردووە و جۆرەکانی ئەوی دیاری کرد .

تیئوری مارکسیستی _ لینینیستی لە بارەی شەڕ نیشان دەدات کە دوو جۆری ئەساسی شەڕ وجودی هەیە . شەڕی علدلانە و شەڕی ناعلدلانە .

شەڕی علدلانە شەڕێکە کە بۆ داگیرکرنی ولاتانی‌تر و زاڵ بوون بە سەر نەتەوەکانی‌تر روو نلدات , بەڵکو شەڕێکە ڕزگاریدەر بۆ دیفاع لە نیشتمان و دەسکەوتەکانی زەحمەتکێشان , دژی ئیستعمارگەران و سوڵتەگەران , دژی داگیرکەران و دەس درێژیکەرانی دەرەوە , دژی کۆیلەبوونی ئیستعماری یان زنجیری چینەکانی چەوسێنەر .

شەڕی ناعلدلانە شەڕێکە دەس درێژیکەرانە بۆ کۆیلەکردنی نەتەوەکانی‌تر , بۆ سەرکوتی زەحمەتکێشان , بۆ داگیرکەری .

مارکسیزم _ لینینیزم دژی شەڕی ناعلدلانەی داگیرکەرانە و لایەنگر و پشتیوانی شەڕی علدلانە و خەڵکیە .

یەکێک لە جۆرە شەڕەکانی علدلانە شەڕەکانی پارتیزانی خەڵکیە کە بریتیە لە شەڕی دەستەکانی چەکداری چریکی خەڵکە لە پشتەوەی بەرەکانی دوژمن , لە جەرگەی ناوچەکانی داگیرکراو _ شەڕێکە کە کۆمەلانی خەڵک بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازەکانی جۆراوجۆر ئەنجامە دەدەن . هەڵبەتە ئەم شێوازە لە شەڕە تازە نیە . شەڕی پارتیزانی خەڵکی ئەسپانیا دژی داگیرکەرانی فەرانسی لە کاتی ناپلئون . شەڕی خەڵکی رووسیا لە کاتی هێرشی ناپلئون لە هەمان کاتدا . شەڕی نیشتمان پەرەستانەی ئیتالیەکان بە فەرماندەیی گاریبالدی . شەڕی فەرنسیەکان دژی داگیرکەرانی ئاڵمانی لە نموونەکانی شەڕی پارتیزانیە . هەروا شەڕی چەکدارانەی دەستەکانی پارتیزانی لە کاتی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی دووهەمی جیهانی لە یەکێتی سۆڤیەت و لە مەودای شەڕی دووهەمی جیهانی لە فەرنسا و ئیتالیا و یوگسلاڤیا و لەهەستان و بولغارستان و چەکەسلەواکی و یۆنان و چین و کوریا و ڤیتنام و فیلیپین و . . . هیتد .

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و لە دەیەی 60 و 70ی زائینی بزووتنەوەی چریکی و شەڕی پارتیزانی لە ئامریکای لاتینەوە بۆ چوار گۆشەی دونیا و بە تایبەت ڕۆژهەلاتی ناوەراست پەرەی ساند و دژی نفوز و دەسەلاتی ئیمپریالیزم لەم ناوچانە شەڕی علدلانەی پارتیزانی خەڵکی دەستی پێ کرد و ولاتانی ئامریکای لاتین پاش سەرکەوتنی چریکەکان لە کوبا و ڕزگاری ئەم ولاتە یەک لە دوای یەک بوونە مەیدانی خەباتی خەڵکی چەوساوە دژی داگیرکەران و دەسەلاتدارانی بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم .

هەروا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستیش بە هۆی نفوزی ئیمپریالیزم و حکومەتەکانی سەر بە ئیمپریالیزم لەم ناوچەیە , شەڕی علدلانەی خەڵکی بە شێوازی شەڕەکانی چریکی دژی نفوزی ئیمپریالیزم و بۆ ئازادی و ڕزگاری هەروا بەردەوامە .


**ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیک و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین لە :**

www.fedayi.org

webmaster@fedayi.org

Kurdistan@fedayi.org

FAX:+46317792571


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی , دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووراییی !**